داینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٥

پێنج شەممە ● ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦ ● ٦ی دێسامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

## دەستبەسەر کرانی خوێندکاران لە تاران و شارستانەکان درێژەی هەیە

شەپۆلی دەستبەسەرکردنی خوێندکارانی چەپ لە تاران و شاستانەکان درێژەی هەیە. بە پێی راپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران لە رۆژی ٢٨ی خەزەڵوەرەوە دەیان کەس لە خوێندکارانی زانستگەکانی تاران، مازەندەران، ئێرانشەهرو شارەکانی دیکەی وڵات لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرو بێ سەرو شوێن کراون. شایانی باسە چارەنووس و شوێنی دەستبەسەرکرانی زۆربەی گیراوەکان نادیارە.

ئەم شەپۆلی دەستبەسەرکردنە لە بەرەبەری رۆژی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکار دایەو ئامانجی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم لەم کارە دروست کردنی دڵەڕاوکێ و ترس لە نێو چالاکانی خوێندکاری دایە.

## بەیاننامە

# بە بۆنەی ساڵرۆژی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی ئەمەگناس و خەباتگێڕی کوردستان!

دۆستان و ئۆگرانی بزووتنەوەی میللی‌دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان!

ساڵێك لەوە پێش لە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥(٦ی دیسامبری ٢٠٠٦)دا لەتبوونێك بەسەر ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داسەپا کە بۆ ئێمەو هەموو ئۆگران و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیی رۆژهەڵاتی کوردستان رووداوێکی تاڵ و بەژان بوو. لەو رۆژەدا لەتبوونێك کە لە مێژ بوو بەکردەوە بە سەر حیزب دا سەپا بوو، بە رەسمی قبووڵ کراو حیزبی دێموکرات بوو بە دوو بەش. بەشێکی کە کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی ـ نەك کەمایەتیی حیزبی دیموکرات ـ رێبەرایەتیی دەکرد لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داو بەشەکەی دیکەی کە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی رێبەرایەتیی دەکرد لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"دا مایەوە.

بە پێچەوانەی ئیددیعای ئەو هاورێیانەی پێشوومان کە لەتبوونی حیزب بە شەڕی دەسەڵات لە نێوخۆی حیزب دا دەزانن، لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاکامی کردەوەی نادێموکراتییانەو کۆمەڵێك هەڵەی سیاسی و ستراتیژیکی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیدا بەسەر ئەم حیزبە دا سەپا. لەراستی‌دا هاورێیانی پێشوومان هەر لە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزبەوە کە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی‌یان وەدەست هێنا، تەواوی توانا و ئینێرژیی خۆیان لە یەکدەست کردنی حیزب، کپ کردنی دەنگی جودابیران، سزادان و دەرکردن و حەزفی ئەوان دا وەکار خست، بە چەشنێك کە ئەم حیزبە لە جیاتی بردنە پێشی سیاسەت و ئامانجەکانی، کات و وزەی خۆی سەرفی کێشە و ململانێی نێوخۆیی دەکرد. لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا ئەم حیزبە بەکردەوە لەت ببووو بەشێکی بە کردەوە لە بڕیاردان و بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروبارو سیاسەتەکانی حیزب وەلانرا بوو. هەر ئەو بەشە بوو کە تا کۆنگرەی ١٣ی حیزب زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی بەدەست بوو، تەواوی ئوسوڵ و پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی وەبەرچاو گرت تا جیابیران و موخالیفانی نێوخۆ لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی حیزب دا بەشدار بن و جێگە و پێگەی گرینگیان لە حیزب دا پێ بدرێ. ئەم بەشە بوو بۆ یەکەم جار "مافی کەمایەتی"ی هێنایە نێو ئەدەبیاتی حیزب و بە کردەوەش چەسپاندی. هەر ئەم بەشە بوو لە کاتێك دا زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی بەدەست بوو ئەم ئەسڵەی هێنایە نێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە: "هیچ کەس زیاتر لە دوو کۆنگرەی بەدوای یەك دا وەك سکرتێری گشتی هەڵ نابژێری". کەوابوو کێشەکە شەڕی دەسەڵات نەبوو.

٢

# "هەنگاوێك بۆ پێشەوە" لە پێناوی سەپاندنی خولی سێهەمی گەمارۆکان بەسەر ئێران دا



سێشەممە ٣ی دیسامبر: بە وتەی نیکولاس بێرنز جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەو وتووێژانەی کە سەبارەت بە سەپاندنی خولی سێهەمی گەمارۆو سزاکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەر ئێران دا لە ئارا دایە، بە هاوکاریی چین "هەنگاوێك" بەرەوپێش چووە. بێرنز وێڕای دەربڕینی رەزامەندی لە هاوکاریی چین وتی: ئێستا، لە نێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی تەناهی‌دا، تەنیا رووسیە دەبێ لەگەڵ دانانی گەمارۆو سزای نوێ و قورستر لە سەر کۆماری ئیسلامی رەزامەندی نیشان بدا.

رەوتی بڕیاردان سەبارەت بە چوارچێوەی گەمارۆو سزای قورستر، بەهۆی خۆبواردنی تاران لە بڕیاری ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان و، درێژەدان بە پرۆگرامی پیتاندنی یورانیوم لە ئێران سەرەڕای ئەوە کە سێ بڕیارنامەی ئەو ئەنجوومەنە سەبارەت بە پێویستیی راگرتنی ئەو بەرنامەیەو هەروەها بەهۆی سەرکەوتوو نەبوونی وتووێژەکانی نوێنەرانی تاران و ئورووپا، لە حەوتووی رابردووەوە گوڕێکی زیاتری پەیدا کردوە.

شایانی باسە خاوێر سولانا دوابەدوای وتووێژەکانی لەگەڵ سەعید جەلیلی ئەندامی ئەنجومەنی تەناهیی کۆماری ئیسلامی، کە لە رۆژی ٩ی سەرماوەزدا بەڕێوەچوو، رایگەیاند ئەو چاوپێکەوتنە بێ ئاکام بووە.

# پارتی کرێکارانی کوردستان: بۆ چەك دانان حەوت مەرجی هەیە

سەرۆکایەتیی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە بەیاننامەیەك دا کە رێکەوتی ٣٠ی نوامبر بڵاوی کردۆتەوە وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر هەوڵی بێوچان و بەردەوامی PKK بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانەو دێموکراتیکی پرسی کورد، ئاماژەی بە دەست پێشخەرییەکانی ئەم پارتە لەم پێوەندییەدا کردوە. لەم بەیاننامەیەدا سەرۆکایەتیی PKK حەوت مەرجی بۆ چەك دانانی گریلاکانی پارتی کرێکاران داناوە کە بریتین لە:

١ـ داننان بە شوناسی کوردو گەرەنتی کردنی تەواوی شوناسەکان لەچوارچێوەی تورکیایی بوون دا کە شوناسی گشتگیری هەموانە.

٢ـ هەڵگرتنی کۆسپەکان لەبەردەم کولتوورو زمانی کوردی، داننان بە مافی پەروەردە بە زمانی زگماکی، شانبەشانی زمانی تورکی و پەسندکردنی زمانی کوردی وەکوو دووهەمین زمان لە ناوچەکانی کوردستان، رێز گرتن لە مافی کولتووری کەمایەتییەکان.

٣ـ لەسەر بنەمای ئازادیی بیروباوەڕو رادەبڕین داننان بە مافی سەربەستی سیاسی و رێکخستن، هەڵگرتنی سەرجەم ئەو جیاوازیانەی لە یاساکاندا هەیە لە سەرووی هەمووشیانەوە جیاوازیی نژادی.

٤ـ لە رێگای پرۆژەیەکی ئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتییەوە هەردوو کۆمەڵگا دوولایەنە لە یەکتر ببوورن و بە ئامانجی بەرقەرار کردنی ئاشتی و یەکیەتیی ئازادانە تەواوی زیندانیە سیاسییەکان، بە رێبەرایەتی پەکەکەشەوە ئازاد بکرێن، بەشداریکردنیان بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاستەنگ دروست نەکرێ.

٥ـ کێشانەوەی ئەو هێزانەی بە ئامانجی شەڕی تایبەت لە کوردستانن، هەڵوەشانەوەی سیستمی جاشایەتی، پێشخستنی پرۆژەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە ئامانجی گەڕانەوەی گوندەییەکان بۆ گوندەکانیان.

٦ـ دارشتنی یاسایەکی نوێی بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان، لەسەر بنەمای زیادکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان.

٧ـ هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا کە هەردوولا لەسەری رێکدەکەون قوناخێك دەستپێبکات کە گەریلا چەکەکانی دابنێت و تێکەڵی ژیانی دێموکراتییانەی کۆمەڵگا بێ.

## سەرۆکی پارلمانی ئورووپا:

# ئێران دەبێ لە ئێعدام کردنی منداڵان و مێرمنداڵان خۆ



سەرۆکی پارلمانی ئورووپا داوای لە ئێران کرد لە بەڕێوە بردنی حوکمی ئێعدامی منداڵان و مێرمنداڵان خۆ بپارێزێ. هەر ئێستا چەندین کەس لە ئێران حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە کە کاتی تووشبوونی بە تاوان، منداڵ بوون. ئەو بەبێ ناوهێنان ئاماژە بە ئێعدامی ٢ کەس دەکاو ئەو کردەوەیە بە پێچەوانەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دەزانێ.

بە پێی ئاماری رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٤بەو لاوە، ١٧ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە کاتی تووشبوون بە تاوان تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ دابووە.

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی رایگەیاندوە کە ئێران لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا زیاتر لە هەر وڵاتێکی جیهان منداڵانی تاوانباری ئێعدام کردوە.

بڵاوکراوەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان (راگەیەندراوی مافی مرۆڤ)و هەروەها پەیماننامەی مافەکانی منداڵان، ئێعدام کردنی منداڵان بە توندی مەحکووم دەکەن. ئێران هەر دووك پەیماننامەی ئیمزا کردوەو لەسەریەتی ملیان بۆ راکێشێ. بەڵام دەوڵەتی ئێران بە ئێعدام کردنی منداڵان ئەوانی ژێر پێ خستوون. بە پێی راپۆرتەکانی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لە سێ ساڵی رابردوودا جگە لە ئێران، تەنیا ٣ وڵاتی چین و سوودان و پاکستان منداڵانی تاوانباریان ئێعدام کردوە. کە لە نێویان دا رێژەی ئێعدامی منداڵان لە ئێران دا لە سەرووی هەموانە. ئێران تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ دا تا مانگی مەی (کاتی ئامادە کردنی راپۆرتی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی) منداڵێکی ئێعدام کردوە.

## دادگای باڵای تورکیا

# بڕیاری دەستگیر کردنی سەرۆکی DTP ی دەرکرد


خۆرهەڵات نیوز: دوای ئەوەی کە دادگای باڵای تورکیا نوورەدین دێمیر تاش، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیکی تاوانبار کرد کە خۆی لە بە جێگەیاندنی ئەرکی سەربازی دزیوەتەوەو راپۆرتی ساختەی بەکار هێناوە، لە لایەن دادگای تورکیاوە بڕیاری دەستگیر کردنی درا.

ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاویکردەوە نوورەدین دێمیرتاش، لە لایەن دادگای تورکیاوە بە ٣ تا ٥ ساڵ حوکمی زیندانی پێ دەدرێت. نوورەدین دێمیرتاش، ئێستا بۆ بەشداری لە هەندێك چالاکیی سیاسی لە ١٨ی ئەم مانگەوە بەرەو دەرەوەی تورکیا چووە. دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە میدیاکانی تورکیا رایانگەیاند کە دێمیرتاش هەڵاتووەو ناگەڕێتەوە بۆ تورکیە.

بەڵام دوابەدوای ئەو هەواڵەی پروپاگەندەی تورکیا، دێمیرتاش بە ئاژانسی فوراتی راگەیاند: کە بە دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی کوردان لە پارلمانی ئورووپاو هەندێك سەردانی سیاسی لە وڵاتانی ئورووپایی دەگەڕێتەوە بۆ تورکیە.



لیستی ناوی بەشێك لە بەندیە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ٤


رێگەچارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان تێکدانی باڵانسی هێزە ٥


کێ تێرۆریستە؟! ٨


سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩


راڤەکردنی بەرژەوەندی باشوور لە ئاستێکی گشتگیردا ١٠


ئافرەت و پێناسەی مافەکانی ١١

## بەیاننامە

# بە بۆنەی ساڵرۆژی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ئێمە تا ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ تەواوی هەوڵەکانمان لە نێو خۆو دەرەوەی حیزب دا بۆ گێڕانەوەی یەکیەتیو یەکریزیی حیزب وەگەڕ خست. بەڵام بەداخەوە سەرنەکەوتین. ئێمە بەگەرمی پێشوازیمان لە نێو بژیوانیی دۆستانو دڵسۆزانی حیزب بە تایبەتی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دووحیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان پارتی دێموکراتو یەکیەتیی نیشتمانی کرد، بەڵام هاورێیانی پێشوومان لە نێوخۆی حیزب دا ئەم هەنگاوەیان بە "خیانەت" لە قەڵەم داو لە دەرەوەی حیزبیش دا دژایەتییان لەگەڵ کرد.

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

ئێمە هەروەك لە بەیاننامەیەك دا کە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ساڵی رابردوو دەرمان کردو لەودا بەناچاری واقعییەتی تاڵی لەتبوونی حیزبی دێموکراتمان قبووڵ کرد رامان گەیاندو لە بۆنەی جۆراوجۆردا پێمان لەسەر داگرتۆتەوە، ئێستاش رادەگەیەنین کە ئەگەر لەگەڵ ئەو هاورێیانەی پێشوومان نەمان توانیوە پێکەوە لە حیزبێك دا درێژە بە خەباتو تێکۆشان بدەین ئامادەین لە دوو حیزب دا پێکەوە دۆستو تەنانەت هاوکار بینو لەوەش هەورازتر پێمان خۆشە لە داهاتوودا ریزەکانمان یەك بخەینەوە. ئێمە ئەو هاورێیانەی پێشوومان نەك بە دوژمن تەنانەت بە رەقیبی خۆشمان نازانین. هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەیەکی گەورەتر، بەرینتر لە حیزبێك دا پێکەوە کار بکەینو هاوپەیمان بین.

بەڵام هاورێیانی پێشوومان لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە مەنتیقیو ئوسوولییانەی ئێمە کە لە راستیدا چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستانو دۆستانو لایەنگرانی هەردوولامانە، جووڵاونەوەو نیگەرانییەکی زۆریان بۆ خەڵکی بە پەرۆشی کوردستانو داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێك هێناوە. لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا ئەو هاورێیانە نەك هەر دەرگای پێوەندیو دیالۆگێکی شارستانیانەیان گاڵە داوە، و بە کردەوەی ناشارستانیانە هەلومەرجێکیان خوڵقاندوە کە تەنیا سەبرو دان بە جەرگی خۆ داگرتنو هەستی بەرپرسایەتیو دووربینیی تێکۆشەرانو خەباتگێرانی بە ئەزموونو ساردو گەرم چێشتووی چەندین ساڵ خەباتو بەربەرەکانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، پێشی بە روودانی شەڕێکی دوولایەنەو کارەساتی گەورەتر گرتوە.

بە چاوخشاندنێك بە رووداوەکانی یەك ساڵی رابردوو لە نێوانمان داو جیاوازیی هەڵوێستی هەر دوولامان لە بەرامبەر یەکتردا دەبێ بۆ هەموولایەك روون بووبێتەوە کە ئەو شێوە هەڵسوکەوتو مەنتیقەی کە هاورێیانی پێشوومان ئێستا لە دژی ئێمە دەیکەنو دەرگای هەر چەشنە پێوەندییەکی سالمو شارستانیانەیان داخستوە، هەر ئەو مەنتیقو هەڵسوکەوتەیە کە پێش ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ لە بەرامبەر ئێمەدا بە کاریان دێناو لە ئاکام دا لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە. ئێمە لە یەکەم ساڵرۆژی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا جارێکی دیکەش پێ لە سەر هەڵوێستەکانمان لە مەڕ پێویستیی پێکهێنانی پێوەندییەکی سالمو بەدوور لە کێشەو ئاژاوە لە نێوان هەردوولامان دا دادەگرینەوەو بە قازانجو بەرژەوەندیی هەردوولاو خەڵکی کوردستانو تەنانەت سەرانسەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی دەزانین کە پێوەندییەکی دۆستانەمان هەبێو هەوڵ بدەین لە چوارچێوەیەکی بەرینترو بەرفراوانتردا لەگەڵ لایەنی دیکەو حیزبو رێکخراوی تێکۆشەرو دێموکراتو نەتەوەییدا هاوکاری بکەین. لەم پێناوەدا هاورێیانی پێشوومان بانگهێشتن دەکەین دەست لە ئاڵۆز کردنی فەزای پێوندییەکانو هێرشی فیزیکی بۆ سەر ئەندامانی حیزب هەڵ گرنو بە گرتنە پێشی رەفتارێکی مەسئوولانە رێگا بۆ سارێژ کردنی برینەکانو قەرەبووی خەسارەکان هەموار بکەن.

داوا لە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین لەو شوێنانەی شوێنی حەوانەوەی کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەی هەردوولامان لێك جیا نەکراونەوە، کۆمەك بکەن کە زووتر ئەو کەمپو بنکەو بارەگایانە لێك جیا ببنەوە.

- سەرکەوتوو بن هەوڵەکان لە پێناوی یەکریزی، هاوپێوەندیو هاوکاریی لایەنە خەباتگێڕەکانی نێو بزووتنەوەی کورد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦ی هەتاوی**

**(٦ی دێسامبری ٢٠٠٧**

# وڵاتی ئاڵمان زۆر بە ئاسانی تیرۆریستەکان بەرەڵڵا دەکا

لە ئاڵمانیەوە بۆ کوردی: محەممەدی فەقێ عەلی

لە ساڵی ١٩٩٢ دەستەیەکی کۆماندۆی مەرگ و تیرۆر خۆیان دەکەن بە رێستۆرانی میکۆنۆسدا، لە ئاکامدا ٤ کاس دەکوژرێن، جنایەتکارەکان دەگیرێن و لانیکەمی حوکمی زیندانیان بە هۆی قورس سزاکەیانەوە ٢٣ ساڵ دیاری دەکرێ. ئێستا دەبێ لە ٨ دیسامبر دوای ١٥ ساڵ زیندان ئازاد بکرێن.

کۆماندۆی مەرگ و تیرۆر لە کاتی چونە ژوری ناو رێستۆرانەکەدا و بەر لە دەستریژ بە فارسی دەڵێن " مادر قحبها". پاشان دانیشتوان دەدەنە بەرگولەو دوای تەقاندی ٢٦ گولە لە دەمانچەکانیان، ئەوانەی کە بە توندی بریندار بوون و کەوتونە سەر عەرز لە نیزیکەوە تیری خەلاسیان لە سەری دەدەن.

بەم شێوەیە لە ئێوارەی ١٧ سپتامبری ١٩٩٢ سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان د. شادقی شەرەفکەندی، نوێنەری ئەم حیزبە لە ئوروپا فەتاح عبدولی و نوێنەری حیزب لە ئاڵمان هومایون ئەردەڵان وهەروەها راوێژکار و دۆستیان نورولاە محەممەدپوور دەهکوردی دەبنە قوربانی دەستی ئەم جنایەتە و لە بێرلین لە رێستۆرانی میکۆنۆس گیان لە دەست دەدەن.

هەر لەم جنایەتە دا خاوەن رەستۆرانەکەو میوانێکیش بریندار دەبن.

ئەم جنایەتکارانە لە کاتێکدا حوکمەکەیان بە لانیکەمی ٢٣ ساڵ زیندانی بە هۆی قورسی سزاکەیانەوە بۆ دەبردرێتەوە، بەڵام قەرارە لە هەشتی مانگی دیسامبردوای ١٥ ساڵ زیندان بکەونە بەر ئازادی پێشوەخت و ئازاد بکرێن.

ئەوەی کە ئەمە ترۆرێکی رێژیمی ئێران بوو و داڕێژەران و فەرمان دەرانی ئەم تیرۆرە هەروا لە سەر کارن وخاوەن رێزی کۆماری ئیسلامین،ئەم ئازادکردنە دەکاتە خاڵێکی زەق و بەرچاو لە بواری سیاسیدا.

چونکە دادگای بێرلین لە حوکمێک دا کە لە مانگی ئاوریل ١٩٩٧ دەریکرد دەڵێ:"ڕابەرانی سیاسی ئێران لەم کارەدا بەرپرسیارن"، لە سەروی هەموویانەوە سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئێران هاشمی رەفسەنجانی و رێبەری مەزهەبی ئێران عەلی خامەنەیی.

رەفسەنجانی ئێستا وەک سەروکی "مجلس خبرگان" کە دەسەڵاتی دیاریکردنی رێبەری مەزهەبی ئێرانی هەیە کار دەکا.

خامەنەی ئێستاشی لە گەڵ بێت هەر خاوەن پلەی رێبەری مەزهەبی ئێرانە.

گروپی کۆماندۆی مەرگ وترۆر پێکهاتبوو لە ئەندامانی دەزگای هەواڵگری نەهێنی ئێران "واواک" و لە حیزبوڵڵای لوبنان.

سەرجەم بە بۆنەی ئەم جنایەتەوە ٤ کەس مەحکوم بون و لەوانە کازمی دارابی خەڵکی ئێران و عباس راعل خەلکی لوبنان بە زیندانی ئەبەد حوکم دران.

سیاسەتوانانی کورد لە تاراوگە بونەتە قوربانی دەستی تیرۆری رێژیمی ئێران، چونکە رێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی هەر لە ساڵی ١٩٧٩ دا جهادی بە دژی کوردەکان ڕاگەیاند. هەر لە و کاتەدا حیزبی دیمۆکراتی وەک حیزبی شەیتان لە قەڵەم دا و کارو تێکۆشانی ئەم حیزبەی قەدەغەکرد.

حیزبولڵای لوبنان دەستی هەبوو لەو ترۆرەدا، چونکە بە پێی وتەکانی دادگای بێرلین کە دەڵێ: "حیزبوڵڵا دەستکرد وهەروەها روونوسێکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و رێژیمی ئێران نەک هەر بۆ سادر کردنی شۆرشی ئیسلامی کەڵکی لێوەرگرتوە و لە لوبناندا ریشەی نەمامی کۆمارێکی تری ئیسلامی پێ چەقاندوە، بەڵکوو بۆ ترۆر و چاوترسێنکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش کەڵکیان لێوەردەگرێ. "

نۆ مانگ دوای بڕیاری دادگا لە ئاوریلی ١٩٩٧ بازرگانێکی ئاڵمانی لە ئێران بە ناوی هێلموت هۆفەر بە تۆمەتی هەبونی پێوەندی جنسی لە گەل کچێکی دانشجووی ئێرانی دەگیردەرێ، لە سەرەتا دا بە ئیعدام لە ڕێگەی بەردبارانکردنەوە مەحکوم دەکرێت و پاشان بە دانی پوڵێکی زۆر مەحکوم دەکرێت و لە دوایدا بە هۆی جاسوسیەوە دوبارە شکایەتی لێدەکرێتەوە و دوای ئەوەش بە تەوهینکردن بە کارمەندانی حکومەتی تاوانبار دەکرێ.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی وەختدا دەیویست کە لە گەڵ دارابی بیگۆڕێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی حکومەتی ئاڵمان ئەم کارەیان رەددەکردەوە و سەرئەنجام لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ناوی هێلموت هۆفەر ئازاد کرا.

بە تۆمەتی بەزاندنی مەرزی دەریای ئێران لە نوامبری ساڵی ٢٠٠٥ ماسیگرێکی ئاڵمانی بە ناوی دۆنالد کلاین لە لایەن ئێرانەوە گیرا.

دوبارە ئێران داوای ئازادکردنی کازمی دارابی دەکرد. کلاین ١٥ مانگ لە زیندان دا راگیرا.

جیا لەوەش دەبێ دارابی و راعل بەشێک لەو تەونوبەستەی زیندانی گۆڕینەوە بن کە بە سەرپەرستی حکومەتی ئاڵمان لە بەینی ئیسرائیل و حیزوللا دا هەیە.لەو بەینەدا سەرۆک وەزیرەی ئیسرائیل ئۆڵمەرت داوایەکی تایبەتی لە راوێژکاری (سدر ئەعزم) ئاڵمان ئانجیلا مێرکل کردوە کە دارابی ئازاد نەکات.

نەقڵکردنی زیندانیەکانی خاریجی دوای ١٥ ساڵ کێشانی زیندانی لە وڵاتی ئاڵمان بۆ وڵاتەکەی خۆی دەتوانی ببێت، بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیان دا پاشماوەی زیندانەکە بەسەر بەرن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەجبوور نیە ئەم کارە بکرێ. دادگا لە حوکمەکەی خۆیدا دەنوسێ تاوانی کازمی دارابی

بۆ لاپەڕی ٤

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ کۆسرەت رەسووڵ عەلی

رۆژی ٢شەممە رێکەوتی ٨٦/٨/٢٨ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی کۆسرەت رەسووڵ جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد کە لەو رۆژانەدا بەدوای سەرکەوتوو بوونی نەشتەرگەرییەکەی لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە.

هەیئەتی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون لە بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەن زادە ـ کەسایەتیی سیاسی، مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسی، فەتاح کاویان ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیو محەممەد کەسرایی‌و محەممەد حەسەن پوور ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

## کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێرو دەوروبەری



رێکەوتی ٢ی سەرماوەز کۆبوونەوەیەك بۆ خوێندکاران‌و ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە شاری هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە سەد کەس لەلایەن کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی بەشدار لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بریتی بوون لە: حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی، محەممەد شارەوان بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب، خالید وەنەوشە جێگری لێپرسراوی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، قادر گوڵی بەپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە هەولێر.

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز قادرزادە باسێکی لەسەر بارودۆخی ئێران‌و کێشە نێونەتەوەییەکانی، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، شەڕفرۆشیی دەوڵەتانی دژ بە کورد بۆ لەبار بردنی ئەزموونی چەند ساڵەو هەروەها کێشەکانی دوای لەتبوونی حیزب‌و شەڕفرۆشیی لایەنی بەرامبەر پێشکێش کرد.

شایانی باسە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك پرسیار لەلایەن بەشداربووانەوە ئاراستە کران کە وڵامیان درایەوە.

## دەستگیر کرانی چەند کەس لە ئاواییەکانی چۆمی مەجیدخان لەلایەن بەکرێگیراوانی رێژیمەوە

ماوەیەك لەمەوبەر ماشێنێکی هەڵگری سووتەمەنی کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی ئینتیزامی‌و لە ئاکامدا ماشێنەکە خۆی کرد بە نێو ئاوایی پیرۆلی‌باغی هەڵکەوتوو لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان. خەڵکی ئاوایی بەرەنگاری هێزەکانی رێژیم بوونەوەو نەیانهێشت کە هێزەکانی رێژیم سووتەمەنی ناو ماشێنەکە بە تاڵان بەرن. هێزەکانی رێژیم کە بە نهێنی بە موبایل فیلمیان لە دژکردەوەی خەڵکی ئاوایی لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا هەڵگرتبوو دوای تێپەڕبوونی دوو رۆژ دەستیان کرد بە گرتنی لاوانی ئاوایی، کە ناوی چەند کەس لە گیراوەکان بەمجۆرەیە:

حەسەن کوڕی حەمەڕەسووڵ، ئەمیر کوڕی قاسم‌و رێبوار کوڕی محەممەدو زاهیر کوڕی سمایل‌و هەروەها ژنێکی بەساڵاچووی خەڵکی ئاوایی بە ناوی خاتوو توبا خێزانی کەریمی مام عەزیزیش لە نێو گیراوەکان دابوو. چەند کەسی دیکە لە لاوان‌و بە ساڵاچووانی ئاواییش لە ژێر تەعقیبی هێزەکانی رێژیم دان. جێگای ئاماژەیە کە چەند دەزاگا ماهوارەی خەڵکیش لەلایەن بەکرێگیراوانەوە دەستی بەسەر دا گیرا.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەردانی هەر یەك لە گیرواەکان داوای ٢٥ میلیۆن تمەن بارمتە یان دانی بەڵگەیەك بەو رادەیە دەکەن. بنەماڵەی گیراوەکان کاربەدەستانی رێژیمیان ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو بڕیارە بە هیچ جۆر بۆ ئەوان دابین ناکرێ.

## بەندەر عەبباس: زیندانیانی کورد لە شارە دوورەکانی ئێران ئەشکەنجە دەکرێن

٥ هاووڵاتیی کورد لە زیندانی شاری میناب لە دۆخێکی نالەبار دان‌و کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجەو ئازاری رێژیمەوە. دوو هاووڵاتیی سنەیی بە ناوەکانی لوقمان بێستوونی‌و عەلی مورادی کە زیاتر لە ١٠ ساڵە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەسبەسەر کراون، لە زیندانی میناب دا راگیراون. لەو زیندانەدا، زیندانیان لە باری جەستەیی‌و رووحی‌یەوە ئەشکەنجە دەکرێن‌و لە کاتی نەخۆشی‌دا لە دوکتورو دەرمان بێبەش کراون.

دەگوترێ عەلی مورادی بە نیشانەی نارەزایەتیی لەو وەزعە تاقەت پرووکێنە مانی لە خواردن گرتووەو لێوەکانیشی دروویەتەوە.

## مەهاباد: خۆکوژیی ژنێك بەهۆی تووشبوون بە خەمۆکی

رۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر ژنێك بەناوی نیگار عەزیمی هاوسەری شۆڕش مروەت (گۆرانی بێژ) لە ماڵی خۆی هەڵکەوتوو لە مەیدانی شۆڕشی شاری مەهاباد خۆی هەڵواسیوەو خۆی کوشتوە. هۆی ئەو خۆکوژییە بۆ خەمۆکی ناوبراو دەگێڕنەوە.

شایانی باسە خەسووی نیگار دەسبەسەر کراوە.

## سلێمانی: کۆچی دوایی ئەندامێکی دێرینی حیزب

رێکەوتی ٣ی سەرماوەز قادر بەریاجی ناسراو بە قادر ئاغا لە دایکبووی گوندی "شێنوێ"ی ناوچەی سەردەشت بە هۆی پێکدادان گیانی لە دەست دا.

قادر بەریاجی لە ساڵەکانی ٤٦ـ٤٧ەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کردو تا دوایین هەناسە لە رێگەی خەبات‌و تێکۆشان بۆ گەل‌و حیزبەکەی وچانی نەدا.

وێڕای بە داخ بوون لەو کارەساتە سەرەخۆشی لە هاوسەنگەران‌و بنەماڵەی نێشتمانپەروەرو کەس‌و کاری کاك قادر دەکەین.

## کۆچی دوایی دایکێکی دڵسۆز و پێشمەرگە پەروەر لە ناوچەی سەردەشت

رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٠ خاتوو پیرۆز قادری لە نەخۆشخانەی مەهاباد کۆچی دوایی کرد. پیرۆزی قادری یەکێك بوو لەو ژنە نیشتمان دۆستانەی گەلەکەمان کە لە باوەشی خۆی دا رۆڵەی بوێرو زاناو لێهاتووی بۆ کوردستان پەروەردە کردوە.

وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە، خۆمان بە شەریکی خەمی بنەماڵەی قادری دەزانین و سەرەخۆشییان لێ دەکەین.

## سنە: چالاکێکی خوێندکاری بانگ کراوەتە دادگا

عوبەید زارعی چالاکی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان‌و خوێندکاری پێشووی زانکۆی کوردستان بانگ کراوەتە دادگا. ناوبراو لەلایەن لقی ١ی دادگای شۆڕشی سنە نامەیەکی بەدەست گەیشتووەو داوای لێ کراوە رۆژی ١٧ی سەرماوەز خۆی بە دادگا بناسێنێ.

شایانی باسە عوبەید زارعی رۆژی ٢١ی گەلاوێژی ئەمساڵ لەلایەن لقی ٤ی دادگای مەریوانەوە بە تاوانی پروپاگەندە دژی نیزام بانگ کرایە دادگاو دوای ماوەیەك پەروەندەکەی درایە دادگای شۆڕشی سنە.

## سنە، شاری بێ شارەوان

زیاتر لە ٧ مانگ دوای دەست بە کار بوونی خولی نوێی شوورای شاری سنە، ئەو شارە تا ئێستا شارەوانی نیە. شوورای شاری سنە کە لە مانگی بانەمەڕی ئەو ساڵەوە بە فەرمی دەست بەکار بووە تا ئێستا چەندین کەسی وەك بەربژێری شارەوانیی سنە بە وەزارەتی نێوخۆو پارێزگاری سنە ناساندوە کە هەموویان رەت کراونەتەوە.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی شوورای ئیسلامی، یەکێك لە گرینگترین ئەرکەکانی شوورای شار دیاریکردنی شارەوانەو لەو شارانەی کە حەشیمەتی زیاتر لە ٢٠٠هەزار کەسیان هەیە (وەك سنە) بەربژێری شوورای شار تەنیا دەدرێتە وەزارەتی نێوخۆو پارێزگا مافی دیاریکردنی شارەوانی نیە، بەڵام بە پێچەوانەی یاسای کۆماری ئیسلامی پارێزگاری ئەو شارە خۆی بەربژاری بە وەزارەتی نێوخۆ ناساندوە.

## سنە: ئومید ئەحمەدزادە رۆژنامەوانێکی دیکەی کورد راپێچی گرتووخانە کرا

رێکەوتی ٧ی سەرماوەز رۆژنامەوانی کورد"ئومید ئەحمەدزادە" کە پێشتر لە حەوتوونامەکانی کەرەفتوو ئاسۆداری کاری دەکرد، قۆڵبەست‌و راپێچی گرتووخانەکانی ئیتلاعات کرا. جێی باسە ناوبراو پاش داخرانی ئەو حەوتوونامەنە بوو بە دەستەی نووسەرانی بەشی فارسی حەوتوونامەی کوردی ـ فارسی"دیدگاه"، ئومید چالاکێکی خوێندکاریش بوو و لە بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی "ندای دانشجو"،"دەنگ"و...کاری دەکرد. هەروەها رەزا وەلی‌زادە رۆژنامەوانی ئینترنێتی کە خەڵکی سنە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە گیراوە.

## بەرێوەچوونی جێژنی کۆتایی دەورەی سەرەتایی ١٨١ی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی



رۆژی سێشەممە ٣٠ی خەزەڵوەر جێژنی کۆتایی دەورەی سەرەتایی ١٨١ی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەشداریی بەرچاوی ئەندامانی رێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکانی نێو کەمپەکانی حیزبی لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەرێوە چوو.

سەرەتای رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و رێژەی نیزامی بەشداربووانی دەورە دەستی پێ‌کرد. پاشان عومەر شاداب بە بۆنەی پۆشینی بەرگی پێشمەرگایەتیی پۆلێکی دیکە لە لاوانی خوێن گەرم‌و دڵسۆزی نەتەوەکەمان پەیامی پیرۆزبایی پێشکەش بە ئامادە بووان کردو لەسەر هەلومەرجی ناوچەو کوردستان‌و درێژەی پیلانەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دواو ئاماژەی بە بیانووی تورکیە کرد کە بە هەرێمی ئازاد کراوی باشووری کوردستانی گرتوە تا ئەو ئازادییەشمان لێ زەوت بکاو ئەزموونی چەندین ساڵەمان لەبار بەرێ. بڕگەیەکی دیکەی رێورەسمەکە بە سروودی بەشداربووانی رێورەسمەکە رازاوە. پاشان پەیامی ئامووزشیی فێرگەی سیاسی نیزامی لە لایەن فەریدون قادر پوورەوە پێشکەش بە ئامادە بووان کرا.

گورانییەك بە دەنگی عیرفان بەهاری بەشداربووی دەورە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکە بوو. خاتوو سوهەیلا قادری شێعرێکی بەم بۆنەیەوە بە ناوی "پێشمەرگە" پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.

پاشان پەیامی بەشدار بووانی دەورە لە لایەن نیعمەت مەلا خوێندرایەوە.

کمال شیری یەکێك لە بەشدارا بووانی دەورە بە دەنگی خۆشی‌و بە زاراوەی کرماشانی مەقامێکی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد. رێورەسمەکە بە بەخشینی خەڵات بەسەر ئەوکەسانەی نێوەندی نومرەکانیان لە ئاستی بەرز دابوو و هەروەها چەند کەسێك وەك بە ئەخلاقترین بەشداربووان کۆتایی پێ‌هات.

## تەقینەوەی بۆمبێکی دەنگدار بوو بەهۆی بریندار بوونی هاووڵاتییەکی کورد

رۆژی شەممە ١٠ی سەرماوەز لە گەڕەکی رێزانی نزیك گۆڕەپانی ئازادی (مەیدان ئیقباڵ) لە شاری سنە بۆمبێکی دەنگدار کە لە ژێر سەندەڵیی ماتۆڕێك داندرابۆوە، تەقیەوەو خاوەن ماتۆڕەکە بریندار بووو بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە.

## مەهاباد: گیانی زیندانییەکی کورد لە مەترسی دایە

کاوە عەزیزپوور تەمەن ٢٥ ساڵە خەڵکی شارەدێی (دریاز) سەر بە شاری مەهاباد کە بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر لە زیندانی مەهابادا مێشکی تووشی زەربە بووە، لە نەخۆشخانە نەشتەرگەریی لە سەر کراوەو گیانی لە مەترسی دایە.

پێویستە بگوترێ ناوبراو ٢ ساڵ لەمەوبەر بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ حیزبە کوردی‌یەکان دەسگیر کرابووو بە ٣ ساڵ زیندان‌و جەریمەی نەغدی مەحکووم کرابوو.

## چەند چەکداری نەناسراو کرێکارێکیان کوشت

شەوی ١٠ی خەزەڵوەر سێ چەکداری نەناسراو کە بە مەبەستی راوو رووت چووبوونە کورەخانەکانی ساروقامیش کە کرێکارێکیان بەناوی جەسیم چاوە داوەتە بەر دەستڕێژو کوشتوویانە بەپێی زانیارییەکان ئەم چەکدارانە دوای ئەوە تەقەیان لەناوبراو کردوە کە یەکێك لەوانی ناسیوەتەوە.

## ئوتریش بەشداری کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سیمینارێکی کۆمەڵەی رێکخراوە کوردستانیەکان (کۆمکار)

رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٤ هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی کۆمکاریان کرد کە لە سەر گونجان و کولتوری گونجان و حاوانەوە لە وڵاتی ئوتریش بەڕێوەچوو.

بۆ لاپەڕی ٥

# لیستی ناوی بەشێك لە بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**خوێنەرانی بەڕێز: ئەمەی لەم لیستەیەی خوارەوەدا بڵاو دەکرێتەوە بەشێکە لە ناونیشانو جۆری تۆمەتو ئەو سزایەی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگیی کوردستان بڕاوەتەوە. دیارە پێویستە ئەمەش بگوترێ کە ئەم زانیارییانەی لێرەدا بڵاو دەبنەوە لەوانەیە کەموکوڕییان هەبێ. بۆیە داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین لە دەس نیشان کردنی کەمو کوورییەکانی ئەم لیستەیەداو هەروەها کۆ کردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر زیندانییەکوردەکانی نێو زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی یارمەتیمان بدەن.(*)**

١ـ حەبیبوڵڵا نادری، خەڵکی سەلاسی باوەجانی
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١٥ ساڵ. جێی ئاماژەیەناوبراو زیاتر لە ٥ ساڵە لە زیندان دایە

٢ـ حاجی مەحموود، خەڵکی سەلاسی باوەجانی
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١٥ ساڵ

٣ـ مەجید وەیسی،خەڵکی قەسری شیرین
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١٠ ساڵ جێگای باسە ئەم ٣ کەسە پێکەوە گیراونو ئێستاش ماوەی ٥ ساڵ لە حوکمەکەیان تێپەڕ بووە.

٤ـ فەرزاد کەریمیان، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١ ساڵ

٥ـ فەرزاد دێهقانی، خەڵکی دیواندەرە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١ ساڵ

٦ـ شۆڕش گوڵکار، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ٤ مانگ

٧ـ داود جەوانمەرد، ناسراو بە کاوە جەوانمەرد، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ٤ ساڵ ( دەبێ ٢ ساڵ لە بەندیخانەی سنەو ٢ ساڵیش لە بەندیخانەی (مەراغە) بە سەر ببات،واتە " زندان در تبعید".

٨ـ وریا تەدەیین، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١ ساڵ لە بەندیخانەی "زنجان"

٩ـ تۆفیق محەممەدی، خەڵکی سەقز
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ٣٠ ساڵ + ١ ڕۆژ (واتە زیندانی هەتا هەتایی).

١٠ـ جاندار محەممەدی
تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"
ماوەی سزا: ١٦ ساڵ

١١ـ جیهانگیر محەممەدی
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١٥ مانگ

١٢ـ موختار محەممەدی، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١٥ مانگ

١٣ـ جیهانبەخش محەممەدی، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١٦ ساڵ

١٤ـئەمیر...، خەڵکی مەهاباد
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١٦ ساڵ

١٥ـ ئاکو کورد نەسەب، خەڵکی سنە
تۆمەت: سیخوڕی بۆ بێگانە
ماوەی سزا: ٣ ساڵ بوو، بەڵام لە پێداچوونەوەدا کەم کراوەتەوە، بۆ ٦ مانگ

١٦ـ مەحموود ساڵحی، خەڵکی سەقز
تۆمەت: چالاکی بواری کرێکاری، ئەندامەتیی کۆمیتەی هەماهەنگیی کرێکاران
ماوەی سزا: ١ ساڵ زیندانی "تعزیری"و ٢ ساڵ "تعلیقی"

١٧ـ عابید مەحموودی، خەڵکی سنە
تۆمەت: تێکۆشان بۆ کۆمەڵە
ماوەی سزا: ٦ مانگ



١٨ـ محەممەد لایق مرادی، خەڵکی گەلێنی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ٢٠ساڵ لە زیندانی "مسجد سلیمان" (زندان در تبعید)

١٩ـ محەممەد زارعی، خەڵکی گەلینی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات
ماوەی سزا: ١٥ ساڵ لە زیندانی تەبەس (زندان در تبعید)

٢٠ـ ڕەحمەت هەورامی نژاد خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١٨ مانگ

٢١ـ محەممەد ڕەزایی، خەڵکی سنە
تۆمەت ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ٣ ساڵ

٢٢ـ فاتح ئەمینی، خەڵکی سنە
تۆمەت ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ٢ ساڵو ٣ مانگو ١ ڕۆژ

٢٣ـ سیروس فەتحی، خەڵکی سنە
تۆمەت: تێکۆشان بۆ کۆمەڵە
ماوەی سزا: ١ ساڵ

٢٤: تەکش فەتحی، خەڵکی سنە
تۆمەت: تێکۆشان بۆ کۆمەڵە
ماوەی سزا: ١ ساڵ

٢٥ـ ئەحمەد مورادی، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی پژاك
ماوەی سزا: ١ ساڵ

٢٦ـ عەبدوالواحید بوتیمار: خەڵکی مەریوان
تۆمەت: محارب با خدا (تێکۆشان بۆ پژاك)
سزا: لە سێدارە دان بوو، بەڵام هەڵوەشاوەتەوەو کەم کراوەتەوەو هێشتا دیار نیە حوکمەکەی چەند دەبێ؟

٢٧ـ عەدنان حەسەنپوور، خەڵکی مەریوان
تۆمەت: ڕۆژنامەوانی، سیخوری بۆ حیزبی دیموکرات
سزا: لە سێدارەدان

٢٨ـ سەباح نەسری، خەڵکی دێولان
تۆمەت: چوونە دەری نایاسایی لە سنوور، چالاکی بۆ "پژاك"و تێکۆشان لە گۆڤاری "ڕۆژانە" کە لە زانکۆی تاران دەردەچێ. هێشتا حوکم نەدراوە، بەڵام ماوەی ٤ مانگە دەزگیر کراوەو ئێستا لە بەندیخانەی سنەیە.

٢٩ـ هیدایەت غەزالی، خەڵکی بانە، هەمان تۆمەتی سەباح نەسریی خراوەتە پاڵو پێکەوەگیراون. حوکم نەدراوە، بەڵام ٤ مانگە لە گرتووخانەکانی "اوین"وسنەدا بەسەر دەبا.

٣٠ـ کاوە تەهماسبی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامیی "پژاك"، ماوەی سزا: ١ ساڵ.

٣١ـ عەلی ئەحمەدیان، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، حوکم نەدراوە ولە زیندانی سنەوە گواستراوەتەوە بۆ " ئێڤین ".

٣٢ـ فەرهاد وەکیلی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك" حوکم نەدراوە ولە زیندانی سنەوە گواستراوەتەوە بۆ "ئێڤین".

٣٣ـ شاهۆکولیایی، خەڵکیسنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، ماوەی سزا: ٨مانگ.

٣٤ـ ئایەت موزەففەری، خەڵکی کامیاران، تۆمەت: تێکۆشان بۆ کۆمەڵە و هەڵگرتنی ناقانوونی چەك، سزا: ٣ساڵ.

٣٥ـ سەعید زەندسەلیمی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیحیزبی دێمۆکرات و کوشتنی جاشێك.

٣٦ـ عەدنان ...، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، ماوەی سزا: ٢ ساڵ زیندانی لە گرتووخانەی زەنجان.

٣٧ـ ئیجلال قەوامی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، ماوەی سزا: ٣ساڵ زیندان.

٣٨ـ سوهراب جەلالی، خەڵکی سنە، ماوەی سزا: ٥ ساڵ لە گرتووخانەی "کاشمەر". جێگەی باسەبەپێی هێندێك زانیاری بڕیارە دوورخرانەوەی ناوبراولابچێ وبەم زووانە بیهێننەوە بۆ زیندانی سنە.

٣٩ـ هیوا محەمەد سەلیمی، خەڵکی مەریوان، تۆمەت: : ئەندامەتیی "پژاك"، ماوەی سزا: ٢ساڵ

٤٠ـ فەردین مرادی،خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك" حوکم نەدراوە،ماوەی ٢٠ڕۆژ لە ئیتلاعاتی سنە بووە وئێستاش نزیکەی مانگێکە لە زیندانی سنەیە.

٤١ـ فەرزاد کەمانگەر، خەڵکی کامیاران، مامۆستا، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك".ماوەی سزا: ٥ساڵ ئێستا لە گرتووخانەی "ئێوین"ی تارانە.

٤٢ـ حەبیبوللا لەتیفی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، هێشتا حوکم نەدراوە.

٤٣ـ یاسر گولی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی "پژاك"، نزیکەی دوو مانگ دەبێ گیراوە، حوکم نەدراوە.

٤٤ـ ڕووناك سەفارزادە،خەڵکی سنە، ئەندامی ژنانی "آذر مهر "، تۆمەت، ئەندامەتیی "پژاك"، نزیکەی ٥٠ ڕۆژە گیراوە.

٤٥ـ هانا عەبدی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی " NGOی" و "هەوراز"، سزا: ناڕوون. کەمتر لە مانگێکە دەستبەسەر کراوەو هێشتا حوکم نەدراوە.

٤٦ـ عەلی حەیدەریان، خەڵکی سنە، تۆمەت: نادیار، نزیکەی مانگێکە دەستبەسەر کراوەو هێشتا حوکم نەدراوە.

٤٧ـ عەبدوڵڵا حەیدەریان، برای عەلی، خەڵکی سنە، تۆمەت: نادیار، نزیکەی ١٥ ڕۆژە گیراوە.

٤٨ـ شوکرۆڵڵا حەیدەری، خەڵکی سنە، لەگەڵ عەبدوڵڵا گیراوە.

٤٩ـ محەممەد صدیق قوامی، خەڵکی سنە
تۆمەت: نادیار، نزیکەی ٢٠ ڕۆژە دەستبەسەر کراوە.

بەندیخانەی مەهاباد:

١ـ تۆفیق گودەرزی، خەڵکی پیرانشار
٢ـ عەزیز ئەفشین، خەڵکی مەهاباد
٣ـ نەوزاد عەزیزپور، خەڵکی مەهاباد، ٣ ساڵ حوکمی پێدراوە، ٢ساڵی تێپەڕ کردوە. ئەم کەسانە چەند ساڵە بە تۆمەتی "تێکدانی ڕەوشی ئەمنی"لە زیندانن.

بەندیخانەی دێولان:

١ـ ئیقباڵ جەوانمەردی خەڵکی دێولان بە تۆمەتی لایەنگری لە پژاك حوکمی یەك ساڵ زیندانو دەرکران لە سەر کاری موعەلیمی.
٢ـ حەمەی مورادی خەڵکی دێولان بە تۆمەتی لایەنگری لە پژاك ماوەی زیاتر لە ٢٠ڕۆژە لە زیندانی قوروەیەو هێشتا حوکمێکی بۆ نەبڕاوەتەوە.
٣ـ سادق خالدیان خەڵکی ئاوایی قاملوو سەر بە شاری قورە بە تۆمەتی لایەنگری لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکان بێ ئەوەی حوکمی پێبدرێ ماوەی ١١ مانگە لە زیندانی قوروەیەو کەس ئیزنی بینیی نەبووە.

هەروەها ئەم کەسانەی لای خوارەوە تازە لە شاری "کامیاران" گیراونوگواستراونەوە بۆ ئیتلاعاتی کرماشان:

١ـ ئیسماعیل شادی، خەڵکی کامیاران، مامۆستا
٢ـ پەرویز ستاری، خوێندکار
٣ـ خەبات یوسفی، خوێندکار
٤ـ هوشیار شابادی،

حبیب اللە طهماسبی، خەڵکی دێولان، ماوەی ٢٠ ڕۆژە لە بەندیخانەی"قروە" گیراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ١٣٨٦/٧/١٨ لە زیندانی سنە شەهیدان "کیومرث محمدی"و "نادر محمدی" خەڵکی گوندی"شیان" سەر بەناوچەی ژاوەرۆی سنەو بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە سێدارە دران.

هەروەها ئەم کەسانەی خوارەوەش بەم چەشنە حوکمی زیندانیان بۆ دەرچووە:

١ـ سەدیق ڕۆستەمی، خەڵکی سنە، تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات، پاش ٤٩ ڕۆژ بازداشتی اطلاعاتو٤٠ ڕۆژی دیکەش لە زیندانی سنە (سەرجەم ٨٩ ڕۆژ) ئێستا حوکمی ٢ ساڵو ٦ مانگی بۆ دەرچووە کە هێشتا دادگا پێیدا نەچۆتەوە.

٢ـ سەباح دۆستی، خەڵکی سنە
تۆمەت: ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات (بە بێ هیچ چەشنە اعترافێك)، پاش ٤٩ ڕۆژ بازداشتی اطلاعاتو ٤٠ ڕۆژی دیکەش لە زیندانی سنە (سەرجەم ٨٩ ڕۆژ) ئێستا حوکمی ٢ ساڵزیندانی بۆ دەرچووە.

٣ـ موسلیم سەعیدپوور، خەڵکی سنە، ٢ مانگ لە بازداشتی اطلاعات وزیندان بووە، ئێستا بە وثیقە ئازاد کراوە، بەڵام حوکم نەدراوە.

٤ـ محەممەد ئەحمەدنەژاد، خەڵکی بانە، پارەکە ٢٠ ڕۆژ بەند کرابوو، بە وەسیقەی ٣٠ میلیۆن تمەن ئازاد کرا، ئێستا حوکمی ٤ ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە، هێشتا دادگای پێداچوونەوەی ماوە.

info@kurdistanukurd.org
info@kurdistanukurd.com

درێژەی

## وڵاتی ئاڵمان زۆر بە ئاسانی تیرۆریستەکان بەرەڵڵا دەکا

تاوانێکی زۆر دژی مرۆڤایەتیە و بە تاوانێکی زۆر قورس دەژمێردرێ. دادگا دەنوسێ:" کازمی دارابی بەم کارەی ژیانی ٤ مرۆڤی پاککردۆتەوەو هەروەها نیشانی دا کە بە خواستی خۆی خزمەتگوزارێکی حاکمانی ئێرانە. لە تەواوی ئەم دانیشتنانەی دادگادا هیچ یەک لە ئەندامانی سەنای دادگا نەیان دیت ئەم کابرایە تۆزقالێک هەستی پەشیمانی یان بە داخ بوون لەم کارەی لە خۆی نیشان بدات، کە دەیتوانی لانیکەم تیشکێک بخاتە سەرشەخسیەتی ئەم کابرایە" تا ئەوڕۆش دارابی نە پێی بەم کردەوەیەی دانا و نە تۆسقاڵێک بەداخبونی خۆی ڕاگەیاند یان لە بۆ دانی خەسارێک بە کەس و کاری ئەم قوربانیانە لە بارتەقای ئەم کارەی ئامادەی ڕابگەیەنێ.

سەرکردەی ئەم گروپە ترۆریستیە عبدولرەحمان بنیهاشمی دوای ڕاکردنی بۆ ئێران بە ماشێنێکی بێنزی ٢٣٠ تەشویق کراو لە ناوەندێکی گەورەو پڕدەرامەتی بازرگانی واریداتیشدا بەشدار کراوە.

ترۆریستەکانی دیکە چ ئێرانی یان لوبنانی دوای گەڕانەوەیان لە ئەنجام دانی کارە ترۆریستیەکانیان لە ئێران دا بە ئەندام پارلمان هەڵبژێردراوەن.

کازمی دارابی و عباس راعل مەعلومە کە بە جێگای ئەوەی ئەو هەشت ساڵەی کە دەبێ لە ئێران و لوبنان دا لە زینداندا بەسەری بەرن، لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بە قارەمانانی شۆرشی ئیسلامی وەردەگیرێن و پێشوازیەکی گەرمیان لێدەکرێ، لەوانەیە لە فرۆکەخانە لە لایەن حکومەتەوە بە شێوەی سەربازی ڕێژەیان بۆ وەرێبخرێت و بە گوڵ و شیرینی پێشوازیان لێبکرێت و لەو بەینەدا بنەماڵە و کەس و کاری قوربانیەکانی ئەم جنایەتەن کە مافیان پێشێل دەکرێ بە دەست خاڵی دەردەچن.

بەم شێوە ئازاد کردنەش حکومەتی ئاڵمان دەرفەتێکی باش بۆ پرۆپاگاندەی کۆماری ئیسلامی و لاینگرەکانی دابین دەکات.

# ڕێگەچارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان تێکدانی باڵانسی هێزە

## (بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر،ڕۆژی جیهانیی سڕینەوەی توند و تیژی دژی ژنان)

عەلی بداغی

ئەگەرچی مەنشووری جیهانیی مافی مرۆڤ و هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی دوای پەسندکرانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەسەر یەکسانیی حوقووقیی هەموو مرۆڤەکان بێ لەبەرچاو گرتنی جۆری ڕەگەزیان پێداگرییان کردوە، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئێستاش ژنان لە هەموو شوێنێ دنیادا بە شێوەی جۆراوجۆر بە دەست ڕەگەزی بەرامبەرەوە دەچەوسێتەوە، مافەکانیان پێشێل دەکرێ و توندوتیژییان پێ ڕەوا دەبینرێ.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دوابەدوای پەسندکردنی پەیماننامەی جیهانیی "سڕینەوەی هەر چەشنە توندوتیژییەك دژی ژنان" ڕۆژی ٢٥ی نوامبریشی وەك ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرد.

توندوتیژی دژی ژنان لە سێ بیاقی بنەماڵە، کۆمەڵگاو دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتیدا پۆلێن دەکرێ. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو بەتایبەت بزووتنەوەی فیمینیستی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دانانی پلانو بەرنامەو کارکردنی جیددی لە هەر سێ بیاقی ئاماژە پێکراودا توانیویەتی خەسارەکانی ئەم دیاردەیە تا نزمترین ئاستی گونجاو کەم بکاتەوە. لە بیاقی حکوومەتیدا توانیویانە گەلێ یاسا لە دژی نواندنی توندوتیژیو بەرگیری لەو کردەوەیە بچەسپێنن، لەبیاقی کۆمەڵایەتیدا زۆر کورسیی تایبەتی ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەرئەنجامەکانی توندوتیژی دژی ژنان تەرخان کراونو دەیان گۆڤاری ئاکادیمی لەسەر پرسی توندوتیژیی لە خێزانو کۆمەڵگادا زانیاری بە ژنان دەگەیەنن، ئەم پرسو کێشە گرینگە لە گەلێك کۆنفرانسو کۆڕو کۆبوونەوەی لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان دا دەخرێتە بەر باسو لەسەر شێوازەکانی بەرەنگاری ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر دەکرێ.

لە بیاقی خێزانیش دا گەلێ ناوەندو شوێنیان بۆ ئەو ژنانە دابین کردوە کە لە شوێنی توندوتیژی را دەکەن یان دوور دەکەونەوەو، بۆ ئەوەی سەرپەنایەکیان هەبێ. یان دەنا ناوەندەکانو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان ڕاوێژی بێ بەرامبەریان لە هەمووکاتو ساتێکی شەو و ڕۆژدا بۆ ژنان دابین کردوە.

ئەمانە دەسکەوتێکی باش بۆ بزووتنەوەی ژنانی جیهانو یەکسانیخوازانن، لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە سەرەڕای ئەم هەموو کارانەی کراون توندوتیژی لەبیاقی خێزانیدا تەواو نەبڕاوەتەوە. بەڵام لە وڵاتانی گەشەسەندووی جیهانی سێهەمو یەك لەوان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم دیاردەیە زۆر بە رووتی بوونی خۆی سەلماندوەو هەوڵەکانیش بۆ بەرگیری وز بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئێجگار کەم و هۆکارەکەشی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم ڕەوایی پێدانی ئایینی بە توندوتیژی دژی ژنان کە ئەم کارە بە مافی سروشتیی پیاو دەزانێو یاساکانی حکوومەتیش کە هەڵێنجراو لە دەقە ئایینییەکانن، لەمبارەوە ویشكو لە بەرژەوەندیی پیاوانو زۆر بە ئاستەم ڕیفۆرمو گۆڕان بە خۆیانەوە دەبینن.

دووهەم ئەوەی لە نەبوونی ڕێکخراوە ئازادو ناحکوومییەکانی بەرپرسیاردا ناوەندو دامودەزگا حکوومییەکان تا ئێستاش ئەم کێشەیەیان وەك قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بەهێند وەرنەگرتوەو هەربۆیەش هیچ چەشنە یارمەتیو پشتیوانییەكو ئیمکاناتێك بۆ ئەو کەسانە لەبەرچاو نەگیراوە کە توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێو لە بواری فێرکردنو وشیاریی گشتییش دا هەوڵێکی ئەوتۆو شایانی ئەم باسە بۆ بەرچاوڕوونیی بیروڕای گشتی نەدراوە.

سێهەم ئەوەی کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی چ لەرێگەی پێکهاتەکانیو چ لە ڕووی نۆرمو بەهاکانییەوە پیاوانەو لە قازانجی نێرینەکانی کۆمەڵو ڕەوایی پێدەری توندوتیژییەو توندوتیژی لە کۆمەڵگای نەریتی ئێمەدا وەها ئۆرگانیزە کراوە کە بۆ ژنان خۆشیان بۆتە شتێکی ئاساییو بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیان.

چوارەم ئەوەی کە بەستراوەیی ئابووریی ژنان بە پیاوان هەر چەشنە بەرەنگارییەکی ژنانی تووشی بەربەست کردوە، چونکی بەشێکی زۆر لە ژنانو ئەگەر بە ئامار بڵێین پتر لە ٨٥ لەسەدی ژنان لە ئێراندا بێداهاتو چاو لەدەستی پیاوانو هیچ چەشنە چالاکییەکی ئابوورییان نیەو لە وەها دۆخێك دا ئەو دەرەتانە بۆ پیاوان پێك دێ کە توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە ژنان بەشتێکی ئاساییو ڕەوای ببیننو بەهۆی بافتی ئایینیو نەریتی کۆمەڵگاش ئەم کولتورە پیاوسالارییە هەروەها بەهێزو کارا بمێنێتەوە.

ئەوەش بەجێی خۆی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزو توانای خۆیەوەو بەبەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی سەرکوتو یاسای نەبەرامبەر پێداگرە لە بەردەوامیی سەپاندنی نۆرمەکانی خۆیو زۆر پەتی هەر چەشنە جموجۆڵێکی ئازادو یەکسانیخوازانەی ژنان سەرکوتو دەمکوت دەکا. بەو حاڵەش بزووتنەوەی ژنان لە ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا سەرەڕای بەختکردنی قوربانیی زۆر لەپێناوی یەکسانیخوازیدا دەسکەوتی باشی وەدەست هێناوەو ئەم ڕەوتە بەرەوپێش دەڕوا. بەڵام لە ڕەوتی ئەم پێشڤەچوونەدا ئاماژە بە چەند خاڵ گرنیگو شایانی سەرنجە.

یەکەم ئەوەی کە فێرکردنو ئاشناکردنی تاکەکانی کۆمەڵ چ ژن، چ پیاو بە مافی مرۆڤ و بەرامبەریی ماف، بەردی بناغەی ڕووەوە یەکسانی چوونو نەهێشتنی توندوتیژییە. ئەوە گرینگە کە پیاوانیش ئەوە بزانن کە بوونی توندوتیژی لە کۆڕی خێزان دا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر چۆنییەتیی تەواویەتی ژیانی خێزان دادەنێ.

دووهەم ئەوە کە تا ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆو ئازادو بەدوور لە هەر چەشنە زەبروزەنگی حکوومەتییان نەبێ، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگا سستو کەم هێزە، هەربۆیەش پشتگیریی ژنان بۆ ئەم مەبەستە ئەرکێکی مرۆییە.

سێهەم هەوڵدان بۆ ڕیفۆرمو چاکسازی لە هەڵسوکەوتۆ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها ڕیفۆرمو گۆڕان لە یاسا بنەڕەتیو مەدەنییەکانی وڵاتە، ئەو یاسایەگەلەی لە بەرژوەندیی پیاوانو ڕەوایی پێدەری توندوتیژیو نابەرامبەریی مرۆیی لەسەر بنەمای ڕەگەزە.

گۆڕینی ئەم یاساگەلە دەبێ بەچەشنێ بێ کە ژنی لێدراو و توندوتیژی لەگەڵ کراو بتوانێ سکاڵای خۆی لای یاسا بەرز بکاتەوە، لایەنی ئەنجامدەری توندوتیژی بەگرتن بداو بەرەوڕووی سزای یاسایی بکاتەوە.

ژنان دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانن کە "هێز" فاکتەری سەرەکیی هەر چەشنە گۆڕانێکەو بەهێزبوونی ئەوانیش لە سەربەخۆ بوونی ئابووری، چوونە سەرێی هێزی ئەوان لە ڕووی حوقووقیو یاساییو گۆڕینی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی یەکسانیخوازیو هەروەها لە یەکدەنگیو هاوپێوەندییاندا خۆی دەبینێتەوە.



دریژەی

## هەواڵەکان

ئەم سیمینارە سەرە تا لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە بەڕیز مستەفا ئاکگوین لە ئەنیستیتوی بۆلتسمان بۆ مافی مرۆڤ بە ناساندنێکی کورتی هەیئەتی بەڕێوەبەر و باسێک لە سەر چۆنیەتی و موشکیلاتی گونجان لە وڵاتی ئوتریش دەست پێکرد.

پاشان ئێرنست ڤۆلە ئەندامی ئەنجومەنی شوڕای شاری وییەن و لێپرسراوی بەشی کولتورو گونجان لە شورای ئەم شارەدا باسێکی لە سەر گرینگیی خۆگونجاندن لە ناو کۆمەڵگای شوێنی ژیانی مرۆڤ کردو بە تایبەتی پەنجەی بۆ سەر خۆ گونجاندنی کوردەکان راداشت و گوتی: "کوردەکان یەکێکن لەو میلەتانەی کە لەوڵاتی ئوتریش هەوڵی زۆری خۆیان دەدەن بۆ چوونە ناو کۆمەڵ و گونجانیان لە گەڵ داب و نەریت و کولتوورو شێوەی حاوانەوەیان لەم وڵاتەدا."

بەڕیزان قادری ڕەسوڵیان و دوکتۆر عەلی مازوچی ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتە و کاک خدری هەمزە نژاد بەرپرسی کۆمیتە و کورشی حاجی عەزیزی و محەممەدی فەقی عەلی ئەندامانی کۆمیتە لە و کۆنفرانسە دا بە شدار بوون.

### ئوتریش:

### سەردانی شاندی کومیتەی حیزب لە کۆمەڵەی کوردستانی(فایکۆم)

هەیئەتێکی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕیزان قادری ڕەسوڵیان و محەممەدی فەقێ عەل و ڕەحمانی ئەمینی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٧/١١/٢٩ سەردانی کۆمەلەی کوردستانی (فایکۆم) یان لە شاری وییەن کرد.

هەیئەتی حیزب لە لایەن بەرێزان هەڤال عوسمان ئەندامی لیژنەی بەرپرسیاری فایکۆم وهەڤاڵ ئەردا و هەڤاڵ ڕێدار پێشوازیان لێکرا. لەم دانیشتنەدا ئەم بابەتانە کەوتنە بەرباس: لەتبوونی حیزب، روانگە نەتەوەییەکانی حیزب، کۆنگرەی ١٤ی حیزب، هەرەشەکانی تورکیەو...

پێویستە بگوتری کە هەردوو لایەن پشتیوانیی خۆیان بۆ زیاتر بە یەکەوە کار کردن بۆ بەرەو پێشچوونی مەسەلە پێوەندیدارەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتیک ولە سەر بناغەی پاراستنی ڕێزو حورمەتی هەمەلایەنە کرد و پێداگریان لە سەر ئەوە کردەوە کە تەنیا یەکگرتن دەتوانێ هەوێنی سەرکەوتن بێت .

**سوئێد**

### سەردانی کۆمیسیۆنی پەیوەندی‌یەکانی حیزب لە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٦ شاندێکی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سوێد، پێکهاتوو لە بەرێزان: حەمەدەمین رەشیدی، مەلا رەحمان کاژەیی و عەزیز ئەفسەردلێر، سەردانی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد لە شاری ستۆکهۆڵم.


شاندی حیزب لەلایەن نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێزان نەسرەت حاجی و عەونی عەلی بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. لەماوەی چاوپێککەوتنەکەدا هەردوولا باسیان لە رووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و ناوچەکە کرد و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد و جەختیان لەسەر گرینگیی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە .

شاندی حیزب بەڕاشکاوی هەڕەشەکانی تورکیەی سەبارەت بە تەمای بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان مەحکووم کردو سووربوونی حیزبیان لەمەڕ گرتنەبەری سیاسەتی تا ئێستای حیزب سەبارەت بە پاراستن و بەرگری لە دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە .

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژمارە: ٤٧٥ ( ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦)

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### ساماڵ (ئەبووبەکر ئیسماعیل زادە)

لە ماڵەوە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری "لاوان"و، چاوخشاندنەوە بە ئەلبۆمی وێنەکانی ساڵانی پڕ لە ڕووداوی دەیەی ٦٠و نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠ی هەتاوی داو، لە بەردەرگای ماڵەوەشمان، لێوی ١٠ ساڵ بزە لێ تاراوی "مونیرە"ی هاوسەری‌و، چاوانی پڕ لە خەم‌و پرسیاری "سارۆ"و "سۆران"ی جگەرگۆشەی، کە دراوسێی دەرك بە دەرکی یەکترین، هەموو ڕۆژێ "ساماڵ"م دێننەوە یاد.

لە سەر کانیی جانداران‌و لە نێو بنکەو خێوەتگەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابوو کە بۆ یەکەم جار لە هاوینی ١٣٦٢ی هەتاوی دا ناسیم. ئەگەر چی ناوە ڕاستەقینەکەشیان (ئەبووبەکر ئیسماعیل زادە) پێ گوتبووم، بەڵام ناوە کوردی‌و پێشمەرگایەتی‌یەکەیم بە لاوە خۆشەویستتر بوو. ئەو هێشتا هەر "پێشمەرگە"و پلەی تەشکیلاتیی لە هاوڕێیانی "کادر" لە خوارتر بوو بەڵام دیار بوو لە کادرەکان بە بڕشتترو خۆشەویستترە. ئاگایی سیاسی‌و گشتیشی لە کادرەکان کەمتر نەبوو. سادەو بێ فیز، یەکڕەنگ‌و یەکڕوو، بێ هیچ پێچ‌و پەنا، هەقبێژو ڕاستگۆ بوو. پەیکەرەیەك بوو لە ڕاپەڕو هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌و دڵسۆزی. هەموو کات ورەبەخش‌و هیوادەر بوو و گەشبینیی دەبەشییەوە. بەم تایبەتمەندییانەوە، بە جۆرێك لە ڕۆژە تاڵ‌و سەختەکان‌و لە مەئموورییەتە دژوارو پڕ مەترسییەکانی ئەو کاتی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دا درەوشایەوە کە بەرەبەرە جێگای خۆی لە ئاستە بەرزەکانی یەکیەتیی لاوان دا کردەوەو لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی ئەو یەکیەتییەدا خۆی دیتەوە.

ساماڵ، پاش چەند ساڵ فێر بوون‌و خۆپێگەیاندن‌و هەر لەو کاتەدا فێر کردن‌و پێگەیاندنی لاوان‌و تازەلاوانی دێموکرات، ماڵاوایی لە بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خواست‌و لە ناوەچەی ڕەبەت‌و مەهابادو لە ڕیزی کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو ناوچانەدا درێژەی بە تێکۆشان داو، بوو بە یەکێك لە بەرپرسانی حیزبیی سەرکەوتووی ئەم ناوچانە. لەگەڵ ئەوەش دا، لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و ئۆرگانی ئەو یەکیەتییە، گۆڤاری "لاوان"، هەر دانەبڕا. "ساماڵ"، هاوکارێکی نزیکی دەستەی نووسەرانی "لاوان" بووو، لە هەر گەشت‌و گەڕانێکی سیاسی، تەشکیلاتی‌و نیزامیی خۆی‌و هاوڕێیانی دا، کە ڕووداوێك سەرنجی ڕاکێشاباو کاری تێ کردبا، دەیکرد بە هەوێنی نووسینی بیرەوەری‌و، بۆ "لاوان" ئامادەی دەکرد. هێندێك جاریش بە ناردنی وتار، هاوکاریی ئەو گۆڤارە خۆشەویستەی خۆی دەکرد.

"ساماڵ"، لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی دا، لەگەڵ خاتوو مونیرە ڕەسوولزادە ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. کاتێك لە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ دا، لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێیانی بەوەجی حیزبی دا، گیانیان لێ ئەستێندرا، بەرپرسی کومیتەی شارستانی بانەی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو کات "سارۆ" پێنج ساڵەو، "سۆران" ٦ مانگە بوو. دایکی ڕووسوورو خۆڕاگری ئەم دوو یادگارەی "ساماڵ"، دە ساڵە شانی داوەتە بەرقورسایی خەمێکی جەرگبڕو، لە هیچ هەولێك بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی خۆشەویستی باوك بۆ منداڵەکانی درێغی نەکردوە. "سارۆ"و "سۆران" لە ئاکامی هەوڵی دلسۆزانەی دایکیان‌و لە بەرەکەتی تێگەیشتوویی‌و ژیریی خۆیان دا، سەربەرزانە کۆسپەکانی ژیان دەبڕن‌و لێبڕاوانە خەریکی خۆپێگەیاندنن. بەو حاڵەش، خەمی بەناحەق بێبەش کران لە سۆزو خۆشەویستیی هاوسەرێکی بەوەفاو باوکێکی دڵسۆزو میهرەبان، هیچ کات بە جێ نەهێشتوون، هەروا کە خەمی کارەساتی لە دەستدانی شەهیدانی ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦، لە دڵی حیزبەکەیان‌و نەتەوەکەیان دا ماوەتەوەو هەر دەمێنێ.

لە ١٠ ساڵەی شەهید کرانی "ساماڵ"ی خۆشەویست‌و هاوڕێیانی نەمر مەنسوور فەتاحی، سەید مەنسوور ناسری، ڕەفعەت حوسەینی‌و یەدوڵڵا شیرین سوخەن دا، بەڕێزەوە یادیان دەکەینەوەو هاودەردیی قووڵمان لە گەڵ ئازیزان، جگەر گۆشەکان‌و کەسوکاریان دووپات دەکەینەوە.

ئاوات بۆ ئەو ڕۆژە دەخوازم کە ئاواتەکانیان دێتە دی‌و، پڕشنگی ئازادی نەتەوەو نیشتمانەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوو، بەم جۆرە بزەی تاراو بۆ سەر لێوی ئازیزان‌و جگەرگۆشەو یادگارەکانیان دەگەڕێتەوە.

## برۆ

ڕەسووڵ سووڵتانی



گوڵەکەم تاکو بزەت لێرە نەژاکاوە برۆ
کۆشکی هیوام لە هەموو لایەوە ڕووخاوە برۆ
خوا نەکا خەم لە نیگای تاسەت بنیشێ دڵەکەم
تاسەری بەو دڵە پڕ مەینەتە خەفڵاوە برۆ
بەردی شەو لێرە دڵی تیشك‌و گزینگ دەشکێنێ
تا بە پیلان‌و دەهۆ خۆریش نەکوژراوە برۆ
کۆڕی ئەستێرە لە سەر تەرمی هەیڤ ڕەشپۆشن
خەم لە جێژوان‌و هەوار خێوەتی هەڵداوە برۆ
بەوە دڵخۆشم کە تۆ خوێنەری هەڵبەستی منی
ئێستە پرچی غەزەلم بەو خەمە شێواوە برۆ
لێرە دڵداری گوناحێکە کە لێی خۆش نابن
بە شەوێکی ڕەشی وەك ژینم بە شاراوەبڕۆ
تازە فرمێسکی ڕژاو نایەتەوە نێو دیدەم
جێت لە نێو چاوی غەزەل خاڵیە تا ماوە برۆ
دێن لە سەر گۆڕی عەشق هەڵدەپەڕن بۆیە دەڵێم
گوڵەکەم تاکو بزەت لێرە نەژاکاوە برۆ

## سکاڵا



لەم سەردەمەو وڵاتەدا، دڵ‌و دڵدار
گەر بتانهەوێ، مەلی حەزیان
بە نیگایەك، لە بەستێنی زەریایەکدا
ئۆقرە بگرێ
نیگاکانیان بە تێل دڕوو هەڵدەپێچن.
هەناسەیان گەر باوەش بە هەناسە داکات
قورگ‌و زاریان دەئاخنن.
فرمێسك، بێت‌و ڕازی ژانێك
بەگوێی کوڵمەدا بسرتێنێ
بە چیمەنتۆی قینی ڕەشیاند
چاوگی گلێنەی ویشك دەکەن.
بەڵام کاتێك، دڵمان ئاوێنەی یەکترە
دە پێم بڵێ...

کێ دەتوانێ بە چنگی ئەو تێل دڕووانە
گۆنای نیگا گەشەکانمان بڕووشێنێ؟
ئەو هەناسەیەی کە لە ناخا هەڵدەقولێ
گرکانێکی بێ‌ئارامە، ناحەجمێنێ
ڕندووی باخەڵی چییایە
ڕۆژێك هەر دێت هەرەس بێنێ.
ئەو فرمێسکە دڵ ناسکەی وا
لە باوەشی
کوڵمەیەك دا وەندوز ئەدا
لە دەروونا،
شەپۆلێکی ڕق ئەستوورە
هاکا هات بییانخنکێنێ.
کێ دەتوانێ، دەست لە ئاسۆی
ئەو حەزانە بوەشێنێ.
سەرقافڵەی ئەم کاروانە، توێشووی عەشقە
کێ دەتوانێ... مەلی حەزمان بتارێنێ؟
دەپێم بڵێ! کێ دەتوانێ؟...

## سەرما

خۆزگەم بە بەختی سەرما کات
کە ئەمڕۆ لەسەر شەقاما
بە ئاشکرا
ماچی کردی‌و نەشت قیژاند
حاشا مەکە
سەر کوڵمی سوور هەڵگەڕاوت
جێ لێوی سەرمای پێوەیە....

**ئاڵە شین بۆکانی**

# باران

هۆزان



لە دەرێ باران بەلێزمە دەباری. دەنگی نایلۆنە کۆنێکی دڕاو کە بەدەم رەشەباوە دەینالآند حەقایەتێکی تاڵی بۆ ئەو دەگێڕاوە. زەمان زۆر بە پەلە رادەبرێ پەری. جاروبار هەورە تریشقەیەکی توند دەنگی کۆنە نایلۆنەکەی سەربان قووت دەداو هەودای خەیاڵی دەپسێنێ. بەڵام نا.... رابردوو بەرۆکی بەرنادا. باران بەردەوام دەبیباتەوە ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار عاشق بوو. عەشق چ پێوەندییەکی بە بارانەوە هەیە؟ بۆی نەچۆوە سەریەك. باران حەقیقەتێکە هەیە. ئەدی عەشق. ئاخر باران زەوییە تینووەکانیش پاراو دەکا. ئەدی عەشق؟ نا عەشق وانیە. هەتا زیاتر تێیدا نوقم بی تینووتر دەبی. ئەم رستەیە بردییەوە ئەو ساتەی لە ژێر سێبەری دارەکە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ "هـ" دەکرد. ئەو پێیگوت: زۆر تینووی عەشقی تۆم تەنیا ماچێکی لێوت تینوێتیم دەشکێنێ. هەر بە دوای ئەم قسەیەدا گوتبووی: نا.....نا. ماچی لێوت تینووترم دەکا. گوتبووی ئەتۆ دەریای‌و ئەمن ماسیم. هیچ کات لێت تێر نابم‌و بەبێ تۆ ناژیم. پەری پێکەنینی هاتبوو بەو قسەیەو گوتبووی. قسەی قۆڕ. ئەو قسانە لە کوێ دێنی زمان لووس. دەریاو ماسی‌و... ئەمن دەریا نیم. ئەگەر دلۆپە فرمێسکێك بم یا نەبم.

ـ کچی باش ئەوەندە گاڵتە بە ئیحساسم مەکە. خۆشم دەوێی‌و لەوەش جوانتر هیچ رستەیەك شك نابەم بۆت بدرکێنم.

ــ فشەیە. ئەو قسەیە وەکوو گوللە لە جەرگی کاری کرد. لەو رۆژەوە هەموو رۆژێ "هـ" لە بەهەشتی ئاگری خۆشەویستیی پەری دا دەسووتاو بزەیەکی شیرینی لە سەر لێو بوو.

هەورە تریشقەیەکی دیکە ناچاری کرد بن دارەکە بەجێ بێڵێ گەڕایەوە نێو هۆدەکە. لایەکی دیواری ماڵێ رووخاوەو هیچ وڵات نەماوە. باوکی لە تەنیشت سۆبەکەوە دانیشتبوو. بەزەیی بە باوکی داهات‌و لە چاوەکانیدا هەزاران پەیامی خوێندەوە: کچم، دڵگران مەبە، ئەوەی هەڵتبژاردوە ...... هەرچی ئەو شوغڵەی هەبێ کچی ...... ئەمن تۆم....

باشە بابەگیان چی تۆ بفەرمووی. هەر بەنیگا لێك تێگەیشتبوون هیچیان تاقە وشەیەکیان لەوانە بە سەر زار دانەهاتبوو. دە دوازدە ساڵ پاش ئەم رۆژە بارانیە پەری گاڵتەی بەخۆی دەهات.

دەمتوانی...ئا... دەمتوانی‌و نەمویست.... ئاخر..

باوکم... چۆوە دیوەکەی خۆی. بۆلای کتێبەکانی. لە رۆژنامەکەدا ناوێك رایچڵەکاند. ئاخ.... نازانم باوکم بەراستی هەقیقەتی با... نا باوکم... بڵێی بۆ ئەو بڕیارەی دابێ؟

تەزوویەك بە هەموو گیانیدا هات. بەتانیەکەی لە خۆی وەرێنا. چاوی بڕییە میچی خانوە دارینەکە. باران خۆشی ناکاتەوە ئای بۆ تاوو بانێکی خۆش. تاووبانت بۆچیە پەری؟ تازە لە تۆ گوزەراوە. بەخۆت‌و گۆچانێکەوە دەبێ بچی وەکوو مار خۆی لە بەر هەڵخەی. ئەوە ئەو کات نیە سەرو بسکی تەڕی لەبەر وشك کەیتەوە. بە سەر چوو. دۆڕاندت. ئەو رۆژەی هاتەوە بیر کە قژە ئاوریشمینە تەڕەکەی لە بەربەرۆچکەی حەوشەکەیان بە شانە دەکردو هاوکات لە پشت تەلەفۆنەوە گاڵتەی بە "هـ" دەکرد. دلۆپە فرمێسکێك بە گۆشەی چاویدا هاتە خوارێ. نەکرا. بەدەست خۆم نەبوو. چی؟ نەکرا؟ دەمتوانی‌و نەمویست. ئاخر....

چاوی بە گۆشەی ماڵێ داگێڕا. کتێبەکان تۆز دایپۆشیبوون. ئەوە سێ مانگی رەبەقە لە پێکەوتووم کەس دەرگام لێناکاتەوە. خۆزگە ئارێز نەمردبا. ئێستا خەمێکی لێدەخواردم. دیارە ئارێز قەت نەیتوانی لە دڵمدا جێگەی "هـ" پڕکاتەوە. تەنانەت ئەو کاتە کە دەسگیرانداریش بووم. سەیرە. خۆ ئەمن هەمیشە فشەم بەو خۆشەویستی‌و تەڕەماشە دەهات. خۆشم نەمزانی چۆن عاشق بووم. عاشق؟ بەراستی عاشق بووم؟ عاشقی کێ؟ "هـ"؟ نا. ئەمن لەو پەڕی عاشقی بوونیشدا گاڵتەم پێی دەهات هەر بۆیەش قەت نەمهێشت دڵنیا بێ کە عاشقی بووم یا نەبووم. بەستەزمانە لەو بەرزەخەدا چ ئازارێکی دەچێشت. نازانم بەراستی بوو یان نا... نا.... قەت عاشق نەبووم. بەس نازانم بۆ ئەو رۆژەی رۆیشت ئەوەندەم خەم بوو. بەو خەمە قورسەی دوای رۆیشتنی دا هەستم کرد خۆشم دەوێ. عەشقی چی! هەر خۆشم دەویست. دواتر چەندین کەسی رێك‌و پێك پێشنیاریان پێکردم. کەس نەدەچووە دڵمەوە. ئارێزیش قەت نەیتوانی جێی خۆی لە دڵمدا بکاتەوە. سەیر بوو "هـ" ببووە خاوەنی قەڵای دڵم. رۆحی شاد بێ ئارێز قەت نەمهێشت بەو رازە بزانێ. دەنگی دەرگا تان‌و پۆی خەیاڵی پساندەوە. کوڕێکی ژیکەڵانە بە چەترێکەوە هاتە ژوور. کاغەزێکی دەرهێنا... نێوچاوانی پەریی ماچ کرد: پووری گیان ئەوە بۆ تۆ هاتوە.

دڵەخورپەیەکی سەیری بوو. نامە؟ بڵێی کێ بێ؟ بیکەوە بە قوربانت دەبم.

کوڕە خەریکی هەڵپچڕینی نامەکە بوو. پەری بۆ چەند ساتێك نامەکەی لە بیر چۆوە. سەرنجی نێوچاوانی خوشکەزا رەزا سووکەکەی دا. چۆوە ئەو سەردەمەی هیوا ساوا بوو. رۆژێ دوو جار نەچووبا بۆ ماچکردنی نەدەحەساوە. رۆژێك لە پشت تەلەفونەوە بە "هـ" گوت: نێوچاوانی هیوا زۆر بە تۆ دەچێ. "هـ"ش ئەو شێعرەی بابا تاهیری هەمەدانیی بۆ خوێندەوە:

به دریا بنگرم[دەریا تو بینم
به صحرا بنگرم دەریا تو بینم

پەری نەیهێشت شێعرەکەی تەواو بکا گوتی: بەسە بەس حەزم لە شێعر نیە. شێعر هەموو فشەیە. بەڵام دواتر کە "هـ" باروبنەی بۆ سەفەرێکی بێگەڕانەوە پێچاوە. پەری کتوپڕ هۆگری شێعر بوو. لە زاری هەر گۆرانی بێژێك‌و لە دیوانی هەر شاعیرێك دا کۆپلە شێعرێکی بەرگۆی کەوتبایەو دیتبای، لە بەری دەکرد. دەنگی هیوا هێنایەوە سەر نامەکە. پووری گیان ئەو نامەیە ئیمزای کەسی پێوە نیە.

***

.... ئێوارەیەکی تەمووژاوییە پەری.ئێستا هەر دووکمان پێیەکمان لە سەر لێوی گۆڕە. تێپەڕینی زەمان نەك تۆی لە بیر نەبردوومەوە بەڵکوو سوێند دەخۆم تۆسقاڵێکیش چیە تۆی لە لام کاڵ نەکردۆتەوە. عەشق پیربوونی بۆنیە.

ئێستا لە سەر لێواری رووبارێکی بەخوڕ دانیشتووم‌و خەمی غوربەت دەمکولێنێ. هەتا ئێستا زیاتر لە بیست نامەم بۆ نووسیوی وەڵامی هیچیانت نەداوەتەوە. رێگەو توانای گەڕانەوەم بۆ ئەوێ نەبوە. شمارەی تەلەفۆنەکەشت گۆڕیوەو لە سەت کەسم پرسیوە یان نایزانن یا حەز ناکەن بمدەنێ . راستە پیری پرزەی لێبڕیوین. بەڵام ئێمە دەتوانین چیرۆکێکی دیکە بنووسینەوە. بڕوات هەبێ هەر ئێستا بەو سەری پیرییەم کە ئەو نامەیە دەنووسم وەکوو ئەو دوانیوەڕۆ بەهارییەی بۆیەکەمجار دواندمی دڵە کوتەمە.

پەری گیان: قەت ناڵێم ئەوە دوایین نامەیە. دڵنیام ئەوەشت وەك ئەوانی دیکە بە دەستی دەگا. بەڵام دڵنیا نیم لە وەڵام دانەوەت. ئێستا کێ هەیە دڵی لێت بێشێ ئەگەر تۆ....

***

پەری خان سڵاو:

ئێمە جەنابت ناناسین. ئەو نامەیە پیرە پیاوێکی سەیرو سەمەرە نووسیوێتی‌و بۆی تەواو نەبوە.

ناوونیشانی بەرێزتانی پێوەیە. نووسەری نامەکە لە کاتی نوسینیدا ئێوە خۆش.


بۆتان بەداخین
ئیمزا نەناسراو

***

هیوا کە لە خوێندنەوەی نامەکە بۆوە سەیری پووری کرد. خەوی لێکەوتبوو نەیزانی داویین دێڕەکانی گوێ لێبووە یان نا؟ خەوی لێکەوتبوو؟ دلۆپە فرمێسکێك لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو. باران وەك گۆزەی سەرەوبن دەهاتە خوار.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



**باڵزاك ـ اونوره (١٧٩٩ ـ ١٨٥٠ ـ م)**

چیرۆك نوسێکی ناوداری فەرانسە بوو. لە مافناسی‌دا خوێندویەتی پاش تەواو کردنی خوێندن سێساڵ لە تەمەنی بە پارێزەری تێپەڕ کرد، بەڵام ساڵی ١٨٢٠ پارێزەریی بەجێ هێشت‌و خۆی بە نووسینەوە سەرقاڵ کرد. ٩ ساڵ لە تەمەنی خۆی بە نووسینی رۆمان‌و بابەتی سیاسی‌و داستانی تراژیدی بەسەر برد. بەڵام سەرکەوتنی ئەو لە ساڵی ١٨٢٨ بە نوسینی کتێبێك بە شێوازی والتراسکۆت دەستی پێکرد. بالزاك بۆ داستانەکانی کەڵکی بەسەرهات‌و رووداوە ئەڤینداریيەکانی خۆی وەردەگرت. بە شێوەیەك کە سەرنجراکێشترینییان داستانی پێوەندیی ئەو لەگەڵ ژنێکی لهێستانی بەناوی، دام (هانسکا)یە کە ماوەی ١٥ ساڵان نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە، لە ئاکامدا ٥ مانگ پێش لە مردنی لە ساڵی ١٨٥٠ توانی لەگەڵی زەماوەند بکا. سەرەڕای ئەوەی کە رۆمانەکانی بالزاك لایەنگری زۆر بوون‌و بە لێشاو دەفرۆشرا، تا دواین ساڵەکانی ژیانی لە بواری ماڵی‌یەوە دەست کورت‌و لاواز بوو.

لە شاکارە بەنرخەکانی بالزاك دەتوانین باس لە رۆمانەکانی (ئۆژنی گراندە)و (ئاواتە ونبوەکان)، (باباگۆریو) بکەین.

سەرچاوە: کتێبی (اطلاعات عمومی)




# ترس ( خۆف )

نوسینی: ناسر رەسووڵی

بەشی سێهەم:

**" کلبه وحشت، دست شیطان، کتاب ابلیس"**

لە درێژەی باسی شێوازە جۆراوجۆرەکانی سینەماو لە ژمارەکانی پێشوودا کە بە بەشی سینەمای (خۆف) گەیشتین، چیرۆکی ئەمجارە دەگاتە باسی ئێپیزۆدی بە ناوبانگی (کلبەی وحشت، دست شیطان، کتاب ابلیس) کە بە دڵنیاییەوە ئەم ٣ فیلمەی گۆشەی سینەما بۆ خوێنەرانی ئاشناترە تا ئەو فیلمانەی کە لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا کە ئەم گۆشەیەم بەدەستەوەیە ناویان هاتووە.

ئەم ئێپیزۆدە لە راستی‌دا لە بە هێزترین فیلمەکانی شێوازی خۆف (دراکولایی)ەو بایەخێکی زۆری داوە بە روخساری دراکولاکان‌و لە باشترین گریم کەڵك وەرگیراوە.

ئەوە راستە کە بەهێزترین بەشی ئەو ئێپیزۆدە بەشی یەکەم یانی فیلمی (کلبه وحشت)ە بەڵام نەك بەو مانایە کە ٢ بەشی دیکە هیچ نەبن یان خود فیلمی ڕادەی B بن.

کلبەی وحشت:

ساڵی ١٩٨٥ لە ئامریکایە کەم تەسویری هەڵگیراوەو تا ساڵی ١٩٩٣ درێژەی هەبوو کە ئاخرین قسمەتی یانی ( کتاب ابلیس) لەو ساڵەدا ساز کرا تاقمێك لاوی تەمەن لە ٢٠ ساڵ بۆ سەرێ، بە نیەتی سەیران لە شار دەچنە دەرێ‌و ڕوو دەکەنە ماڵێکی جەنگەڵی لە دڵی لێڕەوارەکان دا.

شەو کە لەو ماڵەدا خەریکی عەیش‌و نۆش‌و گەمەن، نەخوازراو یەکێك لە کچەکان لەگەڵ خۆشەویستەکەی شەڕی دەبێ‌و پاشان بۆ ئارام بوونەوەی دەچێتە دەرێ‌و لە نێو دارەکان دا پیاسە دەکاو بیر لە خۆی دەکاتەوە کەلە پڕ (ئەهریمەن) لە شێوەی ریشەی داردا هێرشی دەکاتە سەرو زەفەری پێ‌دەبا.

کچە دوای ئازارێکی زۆر کە پێی دەگاو ئینجا دەشزانێ کە ئەهریمەن تێکەڵ لەشی بووە دەچێتەوە نێوماڵ، لەو کاتەدا کە هاوڕێکانی سەبارەت بە گیانی کە بریندارو ڕوشاوە پرسیاری لێدەکەن لەپڕ دەبێتە دراکولاو...

لە کۆتایی ئەم فیلمەدا تەنیا کوڕێك کە دۆستی کچی ئەهریمەنە زیندوو دەمێنێ‌و ئاخرین سکانسی فیلمەکە بەیانی ئەو شەوە تاڵەیە."

ئەوەکورتەیەك لە (کلبه وحشت) بوو کە لە بەهێزترین فیلمەکانی شێوازی خۆفە.

دست شیطان:

ئەم فیلمە درێژەی (کلبه وحشت)ە.

" بەیانییەکی هەوری، کوڕێك لە ماڵێکی جەنگەڵی دێتەدەرێ.

لەپڕ ئەو کوڕە هەست دەکا کەسێك لە پشت سەرێتی. کە وەردەسووڕێ ئەوە کریستۆفێر (نوێنەری‌شەیتان "ئەهریمەن")ەکە هێرشی دەکاتە سەرو ئاوێتەی رووحی دەبێت. کریستۆفێر دەبێتە هێزێك لە دەستی راستی ئەم کوڕەداو ئەویش بەناچاری دەستی خۆی دەپەڕێنێ‌و تا ئاخری فیلم لەگەڵ ئەو دەستە بە شەڕ دێ.

لەو ڕاستایەدا ژنە دکتۆرێکی توێژەر لەگەڵ هاوسەرەکەی دێنە ئەو ماڵەوە. ئەو ژنە ١٥ ساڵە بە دوای دایك‌و باوکی دادەگەڕێ‌و لەو ڕۆژانەدا بەپێی سەرچاوەیەك زانیاری ئەوەی بەدەست هێناوەکە ئاخرین شوێنی دایك‌وباوکی کە چون بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت ئە ئەرواح‌و شەیاتین، ئەو ماڵە بووە.

بەڵام ئەهریمەن لە ڕێگەی ئەو کوڕەوە کە ئێستا دەستێکی میکانیکی پێکهاتە لە "مشاری کارەبایی" بۆخۆی ساز کردووە.

هەر دوو دوکتورەکەو هاوسەرەکەی دەکوژێ.

ئەهریمەن لەکۆتایی‌دا خەریکە بێهێز دەبێ‌ئەو کوڕە دەباتەوە دنیای کۆن لە هەزاران ساڵ پێش زایین.

فیلمی دەستی شەیتان لێرەدا تەواو دەبێ.

ئەم فیلمە دووهەمیان لەباری مەفهوومیوە زەعیف تر لە حەڵقەی یەکەمی ئێپیزۆدەکەی‌و بە دوای ئەودا حەڵقەی سێهەم یانی (کتاب ابلیس)کە بە راستی دەرهێنەر لێرەدا تەنیا بەهۆی ئەوەی کە سیمای تایبەتی کۆمپیوتێری لە سینەمادا تازە بەو پەڕی پەرەگرتن گەیشتبوو (لە سەرەتای دەیەی ٩٠) کەواتە فیلمەکەی خۆی زیاتر بەرەو ئەنیمەیشنی بوون بردووە.

کتاب ابلیس ( بەشی سێیەم‌و ئاخری ئێپیزۆدی ٣ دانەیی):

لە درێژەی فیلمی دووهەم دا ئەم فیلمە دەست پێدەکا. ئەو کوڕە بەو دەستە مشارییەی خۆیەوە گەڕاوەتەوە هەزاران ساڵ پێش زایین‌و تێکەڵ بە خەڵکێك بووە کە بە دەست ئەهریمەن‌و نەوچەکانی ( کریسۆفێرو ژۆزێفین)ەوە دەناڵێنن ئێستاش ئەوان ڕێگە بەو کوڕە "نیتان" دەدەن بۆ لە بەین بردن‌و دەرکردنی ئەهریمەن‌و باقی شەیاتین.

ڕێگە لاپەڕەی نێوەراستی کتێبێکی لەنزیك پەرستشگە.

ئەو کوڕە دەچێتە ناو کتێبەکەوەو پاش چەرمەسەریەکی زۆر ئەهریمەن لەبەین دەباو خۆیشی رزگاری دەبێت‌و دێتەوە دونیای ئەورۆ بەڵام دەستی راستی بۆ هەمیشە لەبەین چووەو دەستێکی مەسنووعی بۆ ساز دەکەن.

ئێپیزۆد لێرەدا کۆتایی پێ‌دێ.

درێژەی هەیە....



# کێ تیرۆریستە؟!

## بەشی دووهەم و کۆتایی

نووسینی : ی. ئیلامی ـ ئیلام
وەرگێڕانی ، سمایل شەرەفی

ئەو نموونە و پێناسەو وتارانەی سەرەوە، چەند نموونەیەکن لەو نووسینە بێ ئەژمارانەی کە لەم پێوەندێدا نووسراون. ئێستا بەسەرنجدان بەو پێناسانەی سەرەوە، پێناسەیەکی نوێ لە تیرۆرو تیرۆریزم پێشکەش دەکەم. هەڵبەت لەوانەیە ناتەواو بێ: تیرۆر بەکردەوەیەك دەگوترێ کە تاك یا گرووپێك بە هۆی یان بە هۆگەلێك، زۆر جار بەشێوەی لە ناکاو رانەگەیەندراو و نهێنی، هەوڵ دەدەن تاك یان گرووپێکی دیکە لە رێگای جۆراوجۆرەوە ( زۆرجار لەرێگای توندوتیژییەوە) بسڕنەوەیان بێ سەرو شوێنیان بکەن.

لەوانەیە تێگەیشتنمان لەم پێناسەیە ئەوە بێ کە شەڕیش جۆرێك تیرۆرە! بەڵام نا، چونکە شەڕ راشکاوانەیە و لایەنەکانی شەڕ بەردەوام و هەمیشە ئاگایان لە جموجۆڵەکانی یەکتری هەیە. ئایا دەکرێ هەرکەس یان هەر گرووپێك کە کردەوەی تیرۆریستی بەو پێناسەیەی سەرەوەبەڕێوە دەبا، بە تیرۆریست بزانین؟! بەڕێوە بردنی کردەوەی تیرۆر بەو پێناسەی سەرەوە، سەبارەت بە خەڵکی مەدەنی و بێ تاوان جۆرێك کردەوەی تیرۆریستییەو لەلایەن هەرکەس و گرووپێك یان وڵاتێکەوە بێ، محکوومە و لەم پێوەندییەدا رێکەوتنی هەموولایەك لە ئارادایەو لەلایەن هەموانەوە لانیکەم لە ئاستی نووسین و قسەدا مەحکووم کراوە. جیاوازێکە لەەدا خۆی دەردەخا کە ناوی وڵاتان و هێزە چەکدارو بێ چەکەکانی بەستراوە بەو وڵاتانەو کەس یان گرووپی جیاوازیی نەیاری ئەوان یان هێزو گرووپی نەیاری یەکتری لە ئارادا بێ. لێرەدایە کە جیاوازی لە پێناسەکاندا خۆی نیشان دەدا و بە واتایەك، هەر وڵات یان گرووپێك بە پێی بەرژەوەندی خۆی، ئامانج و هۆکاری تایبەت بە بەرژەوەندی خۆی، کەس یان گرووپێك بە تیرۆریست دەزانێ. هەرچەند لەم نێوەش دا هێندێك لە پێناسەکان (بە تایبەت لەلایەن دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی بێ لایەن و وڵاتانی دێموکراتیك تر) ئاقڵانەو بەڵگەمەند ترن.

ئەگەر ورد تر بڵێم، هەرکەس کردەوەی تیرۆر بەڕێوە ببات تیرۆریستە. بەڵام پرسیارێکی سادە: ئایا ئەگەر کەسێك یان گرووپێك بۆ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی خۆی خەبات بکا (بۆ وێنە لە توندترین حاڵەت دا، بۆ مافی ژیان، ئاو خواردن، هەناسە کێشان، ژیانێکی ئازاد و...کە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیەتی‌و ئەم مافانە، کە رێککەوتنی هەموو خەڵکی جیهانی لە سەرە) لە گەڵ داگیرکەران و پێشێل کەرانی ئەم مافانە (تەنانەت لە رێگای توندو تیژییشەوە) شەڕ بکات و تەنانەت پێشێلکەرانی مافەکانی تیرۆر بکات، بە پێی ئەو پێناسەی سەرەوە، ئایا تیرۆریستە؟! واوێدەچێ کە کەڵك وەرگرتن لە دەستەواژەی تیرۆریست لەم رووەوە خاوەنی گرفتی خۆیەتی، چونکی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی بێ ئەملاوئەولای هەر مرۆڤێك (کە سەرجەم زانایان و خاوەن نەزەرانی شارەزا تەئیدی دەکەن) لەگەڵ کەسانی نەزان، دیکتاتۆر، زاڵم و بێ لۆژیك، لەوانەیە تەنیا رێگایەك کە لە دەستی کەسێکی چەوساوە دێ، جۆرێك خەبات (خەباتی چەکداری) و لەوانەیە تیرۆری چەکدارانە بێ.

کەوابوو کەسێك بۆ وەدەست هێنانی ئاوی خواردنەوەی! بە شێوەیەکی روون و راشکاوانە (تەنانەت نهێنی و لە ناکاو، چونکی لەلایەنی بەرانبەر دەیەوێ لە نێوی بەرێ) لە گەڵ داگیرکەری بێ لۆژیك خەبات بکات و لە هەوڵی سڕینەوە و نابوودی دابێ، تیرۆریست نیە. پێم وانیە کەسێك هەبێ ئەم بۆچوونە رەت بکاتەوە. هێنانی دەستەواژە گەلی "تیرۆریستی باش"و " تیرۆیستی خراپ !" لە لایەن وڵاتانی رۆژئاوایی یەوە، لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی هەر ئەمە بێ.

بە هۆی ئەوەی کە واتاکانی تیرۆر و تیرۆریست، لە هەر حاڵەت و شێوەیەك دا، وێناو مانایەکی خراپ لە بیر دا پێك دێنێ و بە شێوەیەکی خراپ باسیان لێوە دەکرێ. دەبێ پێدا چوونەوەیەك بە پێناسەی "تیرۆریست" ئەوەی لەسەرەوە باسی کراوە بکرێ بۆ ئەوەی هەموو کردەوەیەك نەگرێتە خۆی. لەوانەیە پێناسەی خوارەوەباشتر بێ: تیرۆریست یان گرووپی تیرۆریستی، کەسێك یان گرووپێکە کە کردەوەی تیرۆری لە سەرەوە باسکراو، بێ هیچ دەلیل یان دووکارگەلێکی لۆژیکی و بەڵگەمەند، بەڕێوە ببات کە هۆکار یان هۆکارەکان رێکەوتنی هەموان و بە تایبەت زانایان و خاوەن رایانیان بۆ ئەو شتەی کە کەسێك یان گرووپێك خەباتی بۆ دەکات، لە سەر نەبێ، ئەو کەسە تیرۆریستە و ئەو گرووپە گرووپێکی تیرۆریستییە. (هەڵبەت هەروەك پێشتریش باس کرا ، بەڕێوە بردنی کردەوی تیرۆریستی بە هەرشێوەیەك لە سەر کەسانی بێ تاوان، بێ ئەملاو ئەولا مەحکوومە.

کەوابوو ئەم پێناسەیە تایبەتە بە شێوەکانی دیکە لە تیرۆر کە گروپەکان و کەسانی دیکە بە ئامانجێکی تایبەتەوە دەستیان تێدایە، وەك وڵاتانی جۆراوجۆر، کەسان و گرووپی جیاوان).

کەوابوو بە پێی پێناسەی سەرەوە لە تیرۆریست (تاك، گرووپ یان دەوڵەت) سێ تایبەتمەندیی بەرچاوی هەیە: ١) خەڵکی بێتاوان و سڤیل دەخەنە مەترسی یەوە رووبەرووی زەرەرو زیان دبنەوە.

٢)لەرێگای لە ناکاو و بە پێك هێنانی ترس و وەحشەت (زۆرتر لە نێو کەسانی بێتاوان) بە شێوەی توندو تیژانە ئامانجەکەی خۆی دەپێکێ.

٣) ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە ئەو خەباتی بۆ دەکا، رێکەوتنی زۆری خەڵك و بە تایبەت زانایان و خاوەن نەزەران و بیرمەندانی پێوەندیداری لە سەر نیە.

ئێستا بەم پێناسەیەی سەرەوە، سەرێك لە هێندێك گرووپ هەڵدێنینەوە کە زۆر جار بە تیرۆریستیان ناو دەبەن و هێندێك بۆ چوونی جیاوازیان لە سەر تیرۆریست بوون و تیرۆریست نەبوون لە سەرە. (هەڵبژاردنی ئەم گرووپانە و باسکردن لە سەریان تەنیا بە هۆی ناسیاویی زیاتری نووسەر لە سەریان و هەروەها بەرچاو بوونی تێکۆشانیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە)

سەرەتا سەرنجم دەچێتە سەر گروپی ئەلقاعیدە. ئەم گرووپە تەنانەت سەرەتایی ترین ئەسڵ، واتە واز هێنان لە خەڵکی بێ تاوانیش لە بەرچاو ناگرێ و ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی خەڵکی بێ تاوانیش رەشە کوژی بکا. کەوابوو لە روانینی یەکەم دا، ئەلقاعیدە گروپێکی تیرۆریستی یە. لە لایەکی دیکەوە، هەر چەند گروپی ئەلقاعیدە و هەروەها گروپی تالبان، گرووپێکی ناسراون، بەڵام زۆربەی عەمەلیاتەکانیان، چ بە شێوەی تاکە کەسی، چ بە شێوەی گروپی شاراوە و لە ناکاو تێکەڵ بە پێکهێنانی ترس و توندوتیژی یە ولە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ، تەواوی خەڵکی دونیا (نەتەنیا خاوەن رایان) کردەوەکانی ئەم گروپەیان بەلاوە قەبووڵ و پەسەند نیە و لە نێو خەڵك دا هیچ پێگەیەکیان نیە. بەواتایەك ئەگەر ئەلقاعیدە بە پێی خوێندنەوەی خۆی بۆ ئیسلام شەڕ دەکات نە بۆ زۆربەی مسوڵمانان، زانایان و خاوەن رایان لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە (هەرچەند کە بۆچوونی موسوڵمانەکان دروستیش بێ، کە وانیە) ئەم کارانەی ئەلقاعیدەیان پێ هەڵە و نا ئەقڵانییە.

کەوابوو بە روونی دیارە کە ئەلقاعیدەو تالیبان دوو گرووپی تیرۆریستین. عەمەلیات و کردەوەی (شەهادەت خوازانە)، بۆمب دانانەوە لە شوێنە گشتییەکان، راشکاوانە کردەوەگەلێکی تیرۆریستین. چونکی کردەوەی شەهادەت خوازانە!! تەنانەت ئەگەر گیانی کەسانی بێتاوانیش نەخاتە مەترسییەوە، لە بەر ئەوەی تەواوی زانایان هەروەها زۆربەی خەڵك رەتی دەکەنەوە، لە بەر ئەوەی کرەوەیەکی شێتانە و لە رووی بیر کردنەوەیەکی هەڵەوەیە، ئاشکرا کردەوەیەکی تیرۆریستی یە. هەرچەند لەوانەیە کردەوەی خۆ کوژی بۆ ئارمان و ئامانجێك بێ کە بەلای زۆربەی خەڵکەوە قبوڵ و پەسەند نەبێ و خەڵکی بێ تاوان تێیدا زەرەرو زیان نەبینن، نەکرێ وەك کردەوەیەکی تیرۆریستی ناوزەد بکرێ، بەڵام دیسان جێی شك و گومانە. سەبارەت بە گروپە لوبنانی و فەلەستینییەکانی وەك حەماس و حیزبوڵلاش ئەم مەسەلەیە لە ئارادایە.



پێشینەی کردەوەی توندوتیژانە و زەرەر و زیان گەیاندن بە خەڵك لەلایەن ئەم گرووپانەوە هەیە و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە، کردەوەکانی ئەوان لەلایەن زۆربەی کەسانی زاناو ئاقڵەوە رەتکراوەیە و بە واتایەك لە بەر ئەوەی ئەوان وتووێژ و باسی بەڵگەمەندیان قبووڵ نیە، ئاقڵانە هەڵسوکەوت ناکەن و بیرکردنەوەی کەسانی ئاقڵیان قبووڵ نیەو تەنیا لەگەڵ هێندێك بیرکردنەوەی رادیکاڵ وتوندڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێك شەڕدەکەن کە لەوانەیە تاهەتایە ئاکامێکی تایبەتی جیا لە قوربانی بوونی خەڵکی بێ تاوان و دواکەوتنی بە دواوە نەبێ، دەکرێ ئەوانیش بە تیرۆریست ناوزەد بکرێ.

سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و گرووپەکانی سەر بەم رێکخراوە(وەك بەسیج، سپای قودس، ئەنساری حیزاللە، گرووپی سەدر لە عێراق و...)یش وەزعیەتێکی هاوشێوەی هەیە.

دەکرێ سپای پاسداران وەك نموونەی "تیرۆریزمی دەوڵەتی" ناوزەد بکەین. سپای پاسداران و گرووپەکانی سەر بەم رێکخراوەیە، بە ئاشکرا زۆرێك لە عەمەلیاتەکانیان بە شێوەی نهێنی و لە ناکاو بەڕێوە دەبەن کە نموونەکانیان زۆرن، لە رفاندنی کەسانی جۆراوجۆری کۆمەڵگاوە بگرە کە ئێستا نموونەی بەرچاویان هەیە، تا سڕینەوەی نەیاران لە رێگای چەکدارییەوە. هێندێك جاریش خەڵکی ئاساییش دەبنە قوربانی‌و ئەمەش جۆرێکە ماهییەتی حکوومەتی بوونی ئەم کردەوانە کە لە نیزامی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی‌دا سەری هەڵدا. نموونەکان لەم جۆرەش زۆرن، لە سەرکوتی راپەڕینی خوێندکارانەوە بگرە تا بزووتنەوە مەدەنیەکانی خەڵك و گروپەکان. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە ئەم ئەم جۆرە کردەوانە لەلایەن هەموو مرۆڤێکی زانا و ئاقڵەوە ناپەسەند و رەتکراوەیە. چونکی ئەم گرووپانە ئامادەن بۆ راگرتنی سیستمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئیسلامی هەموو کارێك بکەن و ئەگەر بە نرخی رەشەکوژیی خەڵك و کەسانی نەیار تەواوبێ. رەشەکوژییە جۆراوجۆرەکانی سەرەتای شۆڕش، قەتڵ و کوشتارەکانی ساڵی ١٣٦٨، تیرۆری هەیئەتی رێبەراننی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ وتوویژ لە گەڵ دەست و پێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی لە ریستۆرانی میکۆنووس، کوشتارە زنجیرەیەکان و دەیان نموونەی دیکە.

کەوابو دەکرێ سپای پاسداران و گرووپەکانی دیکەی سەر بەم رێکخراوەیە بە تیرۆریست ناوزەد بکەین. هەروەك پارڵمان و دەوڵەتی ئامریکا ئەم کاری بەم دوایانەدا کرد.

سەبارەت بە حیزبە کوردییەکان و بە تایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان(p.k.k) و شاخە رۆژهەڵاتیەکەی، پارتی ئازادیی کوردستان(pjak) وەك کوردێك بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانم کە باسی لێوە بکەم. حکوومەتی تورکیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران و تەنانەت ئامریکا و هێندێك وڵاتانی ئوروپاییش (کە هەڵبەت من دووانی ئاخریان بە جیدی ناگرم) ئەوان بە تیرۆریست دەزانن. سەرەتا بابزانین بە پێی ئەو پێناسانەی کە لە تیرۆریزم کردمان، دەکرێ ئەمانە بە تیرۆریست بزانین یان نا. ئەم حیزب و گروپانە هیچ پێشینەیەکی تۆقاندن و توندوتیژانەی (وەك هێرشی چەکدارانەو بۆمب دانانەوە) و شێوەکانی دیکەی توندوتیژانەیان دژ بە خەڵکی ئاسای و سڤیل و خەڵکی بێ دیفاع نیە. کەوابوو لەم تاقیکاریەدا کە وەك مەرجی بنەڕەتی بۆ بە تیرۆریست ناوزەد کردنی کەسێك یان گروپێك ـ لەلایەن هەموو کەسێکەوە وەرگێڕاوە و قبووڵ کراوە سەربەرزانە دەردەچن. بەڕێوەبەری عەمەلیاتی لە ناکاو لە لایەن ئەم گرووپانەوە حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە ئاشکرا بە دژی کەسانێك بووە کە سەرەتا ئەوان هێرشی داگیرکارییان دەس پێکردوە و بە واتایەکی دیکە لایەنی بەرانبەر، حکوومەتگەلێك کە پێشێلی ئەو بایەخ و ئەسڵانەیان کردوە (کە ئەم گرووپانە خەباتی بۆ دەکەن) لانی کەم ئامادەش نین لەم بوارەدا دانوستان و وتووێژ بکەن و جیا لەوەش ئەم حکوومەتانە هەمیشە ئامادەیی سووکایەتی بەم گرووپ و هێزانەن. ئێستا ئایا ئەم ئامانج و مەبەستانەی کە ئەم گرووپانە بۆ وە دەست هێنانیان و وەدیهێنانیان خەبات دەکەن لەلایەن خەڵك (بەتایبەتی خەڵکی کوردستان) و خاوەن رایان و زانایانەوە مەشرووع و مەقبووڵن یان نا؟! بۆ تێگەیشتن و ناسینی هێڵو ئامانج، بەرنامەو ئەساسنامەی ئەم گرووپانە من داوا دەکەم کە کەسانی غەریبو نامۆ بەم هێڵو ئامانجانە (کە لە سایتی ئینتێرنێتی یەکان دا هەن) بخوێننەوە. بە کورتی ئەم گرووپانە خوازیاری ، بەرامبەری، دادپەروەری و دێموکراسی بۆ سەرجەم خەڵك، نەتەوەکان (ئازەری، تورکەمەن، فارس، عەرەب، بلووچو کورد) و تەواوی شوێنەکانی جیهان و بەتایبەت لە ئێران، تورکیەو سوریەن. کام ئەقڵی سالم کە لەسەر بنەمای بەڵگە هێنانەوە و بیرکردنەوە بێ و کام مرۆڤ کە تۆزێك هەستی مرۆڤایەتی لە وجودی‌دا هەبێ ئەم ئامانج و رێبازانە رەت دەکاتەوە.(هەروەك زانایان و خاوەن نەزەران و سەرجەم خەڵکی کوردستان تەئیدیان کردوە)، جیا لە کەسانی دەمارگرژی، نەزانی تەواویەتخواز و سەرەڕۆ.

گرفتەکە لەوێڕا دەست پێ‌دەکات کە نەزانی، سەرەڕۆیی و زوڵم بێتە ئاراوە. "چونکە دەوڵەت وحکوومەتەکەی من دەسەڵاتی زۆرە، تۆ بێجا دەکەی قسە دەکەی و هەرچی بەڵگەو دەلیل لە سەر راستی و دروستیی قسەکانیشت بهێنی‌یەوە دیسان تۆ لە هەڵەدای". ئەمە لۆژیك و تایبەتمەندیی دەسەڵاتگەلێکی سەرەڕۆ و دەسەڵاتدارانی دەمار گرژ و کوێرن. من لەو حکوومەت و دەوڵەتانە دەپرسم: ئەگەر ئێوە خزمەت بە خەڵك دەکەن و دەسەڵاتەکەتان بە قەولی خۆتان خەڵکی‌یەو کار بۆ سڕینەوەی خەڵکی دیکە ناکەن، ئیزن بدەن خودی خەڵك هەڵبژێرن.

مەگەر ئێوە(کۆماری ئیسلامی، تورکیەوسوریە) نالێن کە ئەم گرووپانە تیرۆریستن و پێگەی جەماوەریان نیەو ئامادە نین لەگەڵ ئەوان بکەوینە وتووێژەوە، ئەوە گوێ و ئەوە مەیدان! ئەگەر زەڕەیەك باوەڕتان بە ئازادی و مافی دیاری کردنی چارە نووسی خەڵك هەیە، وەرن لە ناوچە کورد نشین، عەرەب نشین و تورك نشینەکان و... رێفراندۆمێك بە رێوە بەرن و بزانن خەڵك چیان دەوێ.

بە پێی بۆچوونی زۆربەی کارناسان و خاوەن نەزەران، سیستمی فیدراڵی باشترین رێگە چارەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتانی فرە نەتەوە. ئەم هێزو گرووپانەش بۆ ئەمە خەبات دەکەن و هەوڵ دەدەن کە سەرەتاییترین مافەکانیان وەدەس بێنن. مەگەر منی کورد وەك نەتەوەکانی دیکەی فارس و تورك و... مرۆڤ نیم کە ئازاد لە دایك بووم وهەر ئەم مافانە بۆ خۆم بە رەوا دەزانم کە ئەوان هەیانە و هەڵی بۆدەدەم.

کام عەقڵ و لۆژیکی سالم ئەوە قبووڵ دەکا کە تۆ باڵادەست بی و منیش ژێر دەست. زمان، کلتوور، شوناس، ئەقڵ!و دەسەڵاتی! تۆ دەسەڵات بێ‌و منیش مافی ئەوەم نەبێ بەزمانی خۆم بنووسم و بخوێنم و وەك خۆم بژیم؟!

کەوابوو دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەرکەسێك یان هەر گرووپێك کە بۆ وەدیهێنانی مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی، کە خەڵك و زانایان و خاوەن رایان دان بە مەشروع بوونی دا دەنێن، هەوڵ دەداو تەنانەت لەگەڵ کەسان، گرووپ، دەوڵەت حکوومەتگەلێکی سەرەڕۆ و بێ لۆژیك خەبات و موبارزە بکا، بە هیچ شێوەیەك بە تیرۆرست ناوزەد ناکرێ. چونکە جیا لەوەها حاڵەتێکدا ، زوڵم، نەزانی، و سەرەڕۆیی مەشرووعیەتیان پێ بدرێ.

بە هیوای دونیایەکی دوور لە زوڵم، سەرەڕۆیی، نەزانی و هاتنە دیی ئەو رۆژەی کە هەموو خەڵك بە دوور لە ناخۆشی و هەژاری پێکەوە بژین. وەرن بۆ گەیشتن بەو رۆژانە پێکەوە یەکگرتوو بین و تا سەرکەوتن درێژە بەخەبات بدەین.

# سوسیال دێموکراسی چیه؟

## (بەشی سێهەم)

وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم‌و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل‌و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن‌و ئان ماری لیندگرێنە.**

بەڵام ئەو چارەسەری‌یە جەماوەری‌یانە بە نۆبەی خۆیان دەخوازن کە تاکەکان یاساکانی پێویست بۆ کار کردنی کۆمەڵگا قوبووڵ بکەن. کردەوەی ئێمە شوێن دەخاتە سەر ئەوانی‌تر، بە هەمان شێوە کردەوەی خەڵکی‌تر شوێن لە سەر ئێمە دادەنێت. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە پێکەوە تیایدا دەژین، لە پشت بەستنی دوو لایەنە بە هەڵس‌وکەوتە جیاوازەکانمان، دەبێ لە سەر یاسای وەها دابمەزرێت کە گشت لایەک ڕێز بۆ ئەو یاسایانە دابنێن و ئەو ڕێز لێنانە بە نۆبەی خۆی دەخوازێ کە یاساکانیش هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا لە بەر چاو بگرن و نەک تەنیا بەشێک لەوان.

بۆیە هەمیشە ناکۆکی‌یەک هەیە لە نێوان داواکانی تاک بۆ ئازادی و ئەو سنوورانەی کە بۆ ئازادیی هەر تاکێک بۆ پاراستنی ئازادیی ئەوانی‌تر دیاری کراوە.

یاساکانی هاتوچۆ نموونەیەکی ئاشکران بۆ ئەو مەبەستە، سنوورەکانی خێرایی، سنووردار کردنی پارک کردنی ئوتۆمبێل، هتد هەڵبەت دەبنە هۆی دانانی سنوور بۆ ئازادیی ڕەهای لێخوڕی ئوتۆمبێل کە ئەو بتوانێ هەر چۆنێک پێی خۆش بێت ئوتۆمبێل لێ بخوڕێت یا خود لە هەر شوێنێک پێی خۆش بێت ئوتۆمبێلەکەی ڕابگرێت. لە هەمان کاتدا یاساکان ئازادیی زیاتر لە سەر شەقامەکان و مەیدانەکان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئوتۆمبێل لێ ناخوڕن دەستەبەر دەکات کە بە بێ ئەو یاسایانە هەڵسوڕانیان بە هۆی ئەو هەموو ئوتۆمبێلانە گەلێک دژوار دەبێت. لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە ئازادی شۆفیری ئوتۆمبێلەکانیش زیاد دەکەن. لە سیستەمێکدا کە هیچ یاسای نەبێت زۆر بە سادەیی شێواوی هاتوچۆ دێتە پێش و هیچ کەس ناتوانێت بۆ هیچ شوێنێک بچێت.

لە سەرەووی هەمووان ئەوە "دۆکترینی ئازادی"ی نوێ لیبرالەکان بە جەخت کردنی تۆکمە لە سەر تاکگەرایی‌یە (indvidualism) کە وا دەنوێنن بەستراوەیی دوو لایەنە بوونیان نیە و نایان هەوێ ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی‌یانە لە بەر چاو بگرن کە ئازادیی تاکیی دەبێ لە ناویدا کار بکات. بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەنیایی لە بیابان دەژین دەگونجێ کە هەرکات و لە هەر شوێنێک حەز بکەن جگەرە بکێشن چونکە زیانی جگەرەکێشان تەنیا خۆیان دەگرێتەوە. بەڵام کاتێک کە تۆ لە گەڵ مرۆڤی‌تردا بژی و داوای مافی ئەوە بکەی کە هەرکات و لە هەر شوێنێک کە پێت خۆش بێت جگەرە بکێشی، ئەو کات تۆ ئازادیی مرۆڤی‌تر بۆ پارێزگاری لە تەندروستی خۆیان پێشێل دەکەی.

لە بەر ئەو هۆیە بۆچوونی نوێی لیبرالەکان لە مەڕ ئازادی، لە کردەوەدا تەنیا ئازادی بۆ بەهێزەکانە، ئازادی‌یەک کە نرخەکەی دەبێ بە کەم کردنەوەی ئازادیی ئەو مرۆڤانە بدرێت کە هێندە بەهێز نین. ئازادیی بازرگانەکان بۆ بڕیاردان لە سەر مەرجەکانی کار بەو مانایەیە کە ئازادیی کرێکارەکان بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتیان بە سەر کارەکەیانەوە هەبێ کەم ببێتەوە، ئازادی خاوەن خانووبەرەکان بۆ بڕیار دان لە سەر موڵکەکەیان، ئازادی کرێ نشینەکان لە سەر شوێنی ژیانیان کەم دەکاتەوە و ئازادی خاوەن زەوی‌یەکان بۆ دروست کردنی خانووبەرە لە کەنار دەریا و ڕووبارەکان ئازادی خەڵکی تر بۆ گەشت و گوزار لەو شوێنانە کەم دەکاتەوە.

چەمکی ئازادیی سۆسیال دێموکراسی جەخت لە سەر ئازادی بۆ زۆرینە دەکات. ئەوە دژکردارێکە لە دژی نەبوونی ئازادی و ئەو زەختە کە خەڵک تووشی دەبن کاتێک کە بڕیارەکانی پەیوەندی‌دار بە مەرجەکانی ژیانی ئەوان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تاکیی یەکێکی‌تر دەدرێن. سۆسیالیزمی دێموکراتیک داخوازی‌یەک بوو بۆ ڕزگار بوون لە زۆرداری و سەرشۆڕی، لە برسیەتی و نەزانی، لە مەترسیی بێکاری، نەخۆشی و پیری، و داخوازی‌یەک بوو بۆ ئازادیی بەشداریی چالاکانە و بڕیاردانی هاوبەش، بۆ پێشکەوتنی تاکی و دەرفەتی شوێن دانان لە سەر ئەو کۆمەڵگایە کە ژیان و داهاتووی تاکەکان دیاری دەکات و هەر واش دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو ئازادی‌یە قەرارە لە لایەن هەمووانەوە کەڵکی لێ وەرگیرێت، ئەوکات پێویستە هەندێک سنوور دیاری بکرێن بە تایبەتی لە سەر ئازادیی تاکە بەهێزەکان بۆ ئەوەی کە داوای مافی پتر لەوانی‌تر نەکن و بۆ ئەوەی کە ئەوانی‌تر بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان نەچەوسێننەوە.

ئەو کەسانەی کە بە مافی بەهێزەکان هەڵدەڵێن و ئازادی وەک دەسکەوتێکی تاکیی دەبینن کە دەبێ لە پێشبڕکێ لە گەڵ خەڵکی تر ببردرێتەوە و کە (دۆڕاوەکان) تەنیا دەبێ سەرزەنشتی خۆیان بکەن ئەگەر بدۆڕێن، ئەو سنووردانانە لە سەر ئازادی بە شتێکی نا پەسەند دەزانن. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئازادیی بڕیاردان لە سەر ژیانی خۆی وەک مافی مرۆڤی جیهانی ببینێت بە ناچار دەبێ قەبووڵ بکات کە مافی تاکە بەهێزەکان دەبێ لە پێناو بەرژەوەندی ئەوانی‌تر سنووردار بکرێت.

هەمیشە لە نێوان تاک و کۆمەڵدا ناکۆکی‌یەک هەیە، ناکۆکی‌یەک کە ئاکامی بە ناچاری ئەو ڕاستی‌یەیە کە خەڵک هاوکات هەم تاکن و هەم زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتین. ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی یەک لایەنە پێ لە سەر ئازادی جموجۆڵی تاکەکان دابگرێ ئاکامەکەی سیستەمێکە کە لەوێدا بەهێزەکان لاوازەکان دەچەوسێننەوە. ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی یەک لایەنە جەخت بکاتە سەر داواکاری‌یەکانی کۆمەڵگا بە گشتی، ئەوسا مەترسی ئەوە هەیە کە پێداویستی‌یەکانی تاک بە بێمەرج دەکەوێتە ژێر ڕکێفی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵ. هەر وەکو ئێمە دەبێ بەرامبەر بە مەترسیی یەکەم وشیار بین بە هەمان شێوە، ئێمە وەک سۆسیال دێموکرات، دەبێ بەرامبەر بە مەترسی‌یەکەی تریش وشیار بین. ئێمە دەبێ وشیار بین لە دژی بە ڕەوا پیشاندانی سنووردار کردنی ئازادی تاکەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی چونکە ئەوە، بە واتایەکی گشتی، لە وانەیە وەک زیاد کردنی ئازادی ئەوانی‌تر سەیر بکرێت.

هەندێک نموونە هەن کە چۆن لەوێدا کۆمەڵەکان دەتوانن یەک فۆرمیی شێوەی ژیان و بیر کردنەوە بسەپێنن بە بێ ئەوەی کە ئەو کارە لە ڕوانگەی پێویستی‌یەکانی گشتی یەوە ڕەوا بن. کۆمەڵ دەتوانێ بە بیانووی دڵسۆزی بۆ جەماوەر هەموو باسێک کپ بکات و پێش بە پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بەو بڕیارانە بگرێ کە بە ناوی کۆمەڵ گیراون. جەماوەر دەتوانێ تاقمی کۆنترۆلکەری پێشڕەو (elite) دروست بکات کە بە کردەوە ئەوان بچەوسێنێتەوە، نەک بۆ بڕیاری وەها کە بە قازانجی گشتی بن بەڵکوو لە پێناو بەهێز کردنی پلەی خودی ئەو تاقمە دەسەڵاتدارانە. ئەو جۆرە مەترسی‌یانە لە گشت کۆمەڵێکدا هەن بە بێ جیاوازیی ڕێبازی سیاسی. تۆێژینەوەکانی کۆمەڵناسی ئاشکرایان کردووە کە مەزنترین یەک شێوازی بۆچوون لە ناو تاقمی بازرگانی کەرتی تایبەت بەدی دەکرێت. بەڵام وەک سۆسیال دێموکرات کە بۆچوونی بنەڕەتیان ئەوەیە کە ئازادیی تاک دەبێ لە ڕێگای ئەو کۆمەڵگایەوە کە تاک ئەندامیەتی دابین بکرێت، لە پەیوەندی لە گەڵ شێوازە مەترسیدارەکانی سیستەمی هەرەوەزی (Collectivism) دەبێ وریا بین.

جگە لەوەش ئێمە دەبێ قەت لە بیر نەکەین کە دابین کردنی ئازادی بۆ گشت لایەک هەڵبەت پێویستی بە هاوسەنگی بێ پسانەوە لە نێوان بەرژەوەندی‌یەکانی تاقمە جیاجیاکان و تاکەکاندا هەیە، بەڵام ئەو ئازادی‌یە هەرگیز ناتوانێ ڕێگا بە سازش کردن لە سەر داخوازی‌یە بنەڕەتی‌یەکان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و هەروەها دێموکراسیی سیاسی بدات.

ئازادی لە لایەن سیستەمێکی هەرەوەزی بە ئەو تێزبینی‌یە کە ئێمە وەک ئەندامانی کۆمەڵگا پێویستیی دوو لایەنەمان بە یەکتر هەیە و دەبێ هەندێک یاسای دیاری کراو پەیڕەو بکەین، ناکەوێتە مەترسی‌یەوە. لە لایەکی‌ترەوە ئازادی لە لایەن هەموو جۆرە بنچەگەری‌یەک (fundamentalism) لە بواری دینی و سیاسی و ئابووری‌یەوە هەڕەشەی لێدەکرێت. بنچەگەری دەکرێ وەک ڕوانگەیەک وەسف بکرێت کە ڕێبازی ئەو تاقمەیەی کە مرۆڤ ئەندامیەتی بە گوێرەی هەندێک ئەرکی مەزنتر و پێشەکی بڕیاردراو کە لە لایەن خودا، مێژوو یا خود بازارەوە دیاری کراوە دروستە.

ئەگەر مرۆڤ، لە بنەڕەتدا ڕێگای دروست بێت، ئیتر هیچ هۆیەک نیە کە ئەو، ڕوانگەی خەڵکی تر کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە بە ر چاو بگرێت. بە پێچەوانە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و لە بەر بەرژەوەندی گشتی، گرنگە کە ئەوان دەرفەتی دەربڕینی بیروباوەڕە هەڵەکانیان پێ نەدرێت.

بۆیە کراوەیی بەرامبەر بە ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکان، ئامادەیی گوێ گرتن بە ڕێزەوە و ئاڵوگۆڕ کردنی بۆچوونەکان لە بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێگا چارەی هاوبەش یەکێک لە شەرتە پێویستەکانی گشت جووڵانەوەیەکی دێموکراتیک و کۆمەڵی‌یە. ئەوە بە هەمان ئەندازە داخوازی‌یەکە کە دەبێ ئاراستەی گشت هاوڵاتانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بکرێت.

### بەهاکانی سوسیال دیموکراسی: یەکسانی

داخوازی یەکسانی یەکێک لە داخوازە سەرەکی‌یەکانی سۆسیالیزمە. لە هەمان کاتدا ئەوە داوایەکە کە زۆرجار بە هەڵە لێکدراوەتەوە، ئەویش نەک تەنیا لە لایەن نەیارانی‌یەوە.

زۆرجار داوای یەکسانی لە بەرەی کۆنسێرڤاتیوەکانەوە بە بیانووی ئەوە کە مرۆڤەکان جیاوازن ڕەت دەکرێتەوە. داوای یەکسانی وا لێک دەدرێتەوە کە گوایە بەو مانایەیە کە هەموو کەس دەبێ بە هەمان شێوە هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکرێت و دەبێ ژیانیان دروست بە یەک شێوە بە سەر بەرن. لە هەمان کاتدا ئەو خولیایە لە ناو ئەو کەسانەی کە بەرگری لە یەکسانی دەکەن هەیە کە یەکسانی وەها وەرگێڕنەوە کە هەموو کەس دەبێ وەک یەک بژین.

هەڵبەت ئەوە هەڵەیە، یەکسانی بە مانای هاوشێوەیی نیە. هەروەک پێشدا ئاماژەی پێکراوە خەڵک زۆر لێک جیاوازن، بەڵام لە هەندێک ڕوانگەوە ئێمە هەموومان وەک یەکین.

هە ر کەس وەک تاک بایخی خۆی هەیە، هەر کەس مەرج و لێهاتوویی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ پێشکەوتن، هەر کەس خەون و هیوای تایبەت بە خۆی هەیە لە سەر ژیان و لە سەر داهاتوو و ئێمە هەموومان ئەندامی کۆمەڵگاین. شێوەی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەو دەرفەتانە دیاری دەکەن کە ئێمە وەک تاک هەمانن تا کو بتوانین توانا شاراوەکانمان وەگەڕ بخەین و خەونەکانمان لە بارەی داهاتوودا وەدی بهێنین.

لەو پەیوەندی‌یەدا داخوازی یەکسانی داخوازێکە بۆ یەک فۆرمی، هەمان دەرفەت بۆ گەشە کردنی کەسێتیی خۆت و فەرمانرەوایی بە سەر ژیانی خۆتدا.

کۆمەڵناسی ئینگلیسی ڕیچارد تیتموس (RichardTitmuss) ئاسایشی کۆمەڵایەتیی وەک ئەو سامانە وەسف کردوە کە لە لەبەر دەست تاکەکان دایە تا بە یارمەتیی ئەو تاکەکان بتوانن ڕێکخەر و بڕیاردەری مەرجەکانی ژیانی خۆیان وەک تەندروستی، زانست، وزەی جەستەیی و دەروونی، پەیوەندی‌یەکانی کۆمەڵایەتی، تەناهی کۆمەڵایەتی و هتد بن.

ئەوە شتێکمان لە سەر مانای یەکسانی پێ دەڵێت، واتە دەرفەتی وەک یەک بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ مەرجەکانی ژیانی خۆی کۆنترۆل بکات. ئەوە هەروەها بەو مانایەشە کە سیاسەتی یەکسانی دەبێ جەخت لە سەر چ شتێک بکات: دروست کردنی ئەو جۆرە سەرچاوەی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی یەکسان.

بێ گومان بناغەی هەموو ئەوانە دێموکراسی سیاسی‌یە، کە هەروەها دەکرێ وەک دەرفەتی یەکسان بۆ کاریگەری لە سەر ئەو بڕیارانە کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن وەسف بکرێت و کە بە نۆبەی خۆی مەرجەکانی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکەن. مافی گشتی و یەکسانی دەنگدان تەنیا داوایەک بۆ ئازادی نیە بەڵکوو بە هەمان شێوە داوایەکە بۆ یەکسانی.

بەڵام ئەو یەکسانی‌یە فەرمی‌یە بۆ دروست کردنی سامانی یەکسان، نە بۆ کارتێکەری لە سەر کۆمەڵگا و نە لە سەر بارودۆخی خۆت وەک تاک بەس نیە.

زانست یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی دەسەڵاتی تاکە، هەم لە بازاری کار و هەم بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ وەک تاک. لە بەر ئەو هۆیە پەروەردە و فێرکردن (بە چۆنیەتی‌یەکی باش و لە ئاستی پێویست) دەبێ مافێک بێت بۆ هەمووان بە بێ لە بەرچاو گرتنی توانای ئابووریی تاکەکان.

تەندروستییش هەروەها سامانێکی گرنگی تاکی‌یە. لە بەر ئەوە دەبێ چاوەدێری تەندروستی (بە چۆنیەتی‌یەکی باش و لە ئاستی پێویست) مافێک بێت بۆ گشت لایەک. بۆیە دەبێ خەڵک بتوانن کارتێکەری‌یان بە سەر شوێنی کارەکانیاندا هەبێ تا ئەو کارەی کە دەیکەن زەرەری بۆ تەندروستی‌یان نەبێت.

ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتییش هەروەها سەرچاوەی دەسەڵاتن. ئەو کەسانەی کە خۆیان لە بەستراوەیی ئابووری بە خەڵکی‌تردا دەبینن توانای پێشخستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانیان نیە. ئەو کەسانەی کە بە دژواری بژیوی خۆیان دابین دەکەن و گشت کات نیگەرانی نەخۆشی یا خود بێکارین، هیچ بواری گەشە کردنی تاکی‌یان نیە یا خود ئەگەر هەیانبێت زۆر کەمە. بێ گومان ئەو شتەی کە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی‌یە ئەوەیە کە خەڵک کارێکیان هەبێ کە بە داهاتەکەی بتوانن بژیوی خۆیانی پێ دابین بکەن. پارێزگاریی ئابووری لە کاتی بێکاری و لە تەمەنی پیری‌دا بۆ دانی دەسەڵات بە دەست خەڵک بە سەر ژیانی خۆیاندا گرنگن.



"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێكە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەكان لە "كوردستان"دا. "كوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆكی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# ڕاڤەكردنی بەرژەوەندی باشوور لە ئاستێكی گشتگیردا

مامەند ڕۆژهەڵاتی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی كوردستان لە هەركام لە پارچەكانی، بەهۆی دابەشبوونی كوردستان و داگیركرانی لەلایەن چەندین دەوڵەتی دیكتاتۆرەوە، هەركام خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن. بزووتنەوە لە هەركام لە پارچەكانی كوردستان لەگەڵ سیستەم و دەسەڵاتێكی داگیركەر، كە جیاوازییان لەگەڵ یەك هەیە بەرەوڕوون. كە باس لە جیاوازیی لەنێوان داگیركەردا دەكرێ، زیاتر مەبەست ئەوەیە كە هەرچەند دەوڵەتانی داگیركەر لە ڕووی ئیستراتیژیكەوە، ستراتیژیو بەرنامەیەكی هاوبەشیان هەیەو ئەویش بریتیە لە، لەنێو بردنی بزووتنەوەیەكی ڕزگاریخوازانەو تواندنەوەی نەتەوەیەك بە ناوی كورد بەڵام هەركام لەو دەوڵەتانەبەهۆی پێكهاتەی سیستەمی دەسەڵاتدارەتیو ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتەوە، تاكتیك و پلانی گەیشتن بەم ستراتیژییەیان (واتە لەنێوبردنی كورد) جیاوازەو هەر ئەمەش وایكردوە كە سروشتی بزووتنەوە لە هەركام لە پارچەكانی كوردستان دا لەگەڵ یەك جیاوازیی پێوە دیار بێ.

لە ساڵی ١٩٩٢ بەولاوە كورد لە باشووری كوردستان توانی دەسەڵاتێكی سیاسیی نیمچە سەربەخۆ پێك بێنێ. لەو ساوە تا ئێستا پاراستنی دەسكەوتەكانی باشووری كوردستان و چۆنیەتیی پاراستنی ئەم دەسكەوتە لەلایەن بزووتنەوەو پارتە سیاسییەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستانەوە بەردەوام جێگای مشتو مڕ بووە. بە چەشنێك كە زۆربەی پارتە سیاسییەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان كە لە قۆناغی شۆڕشێكی چەكداردا بوون، بەو پاساوە كە چالاكیی ئەم پارتانە، زەبر لە بەرژەوەندییەكانی كورد لە باشووری كوردستان دەدا، لە شاخ هێنرانە خوارەوەو لە كەمپ دا جێگیر كران، كە وەك نموونەی هەر بەرچاو دەتوانین ئاماژە بە حیزبی دێموكرات و كۆمەڵە بكەین.

بەدوای هەڕەشەكانی توركیە بۆ سەر هەرێمی كوردستان و ئەگەری لەشكركێشیی توركیە بە چەشنێكی دیكە ئەم باسە بە ڕۆژەڤ بۆتەوە كە، چالاكیی پارتی كرێكارانی كوردستان لە بەرژەوەندیی باشووری كوردستاندا نیەو دەبێ PKK واز لەم چەشنە خەباتە بێنێ و باس لە پێشنیاری جێگیربوون لە كەمپەكانی باشووری كوردستان بۆ ئەم پارتەش لە ئارا دایە. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە كە ئایا چالاك و ئەكتیڤ بوونی پارتەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان و بە ڕۆژەڤ بوونی پرسی كورد، كاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر باشووری كوردستان هەیە؟ ئایا هاتنەخوارەوە لە شاخ و جێگیر بوون لە كەمپەكانی باشووری كوردستان لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی كورد لە پارچەكانی دیكەی كوردستانە؟ ئایا ئەزموونی جێگیربوون لە كەمپ ئەوەی سەلماندوە كە یارمەتیدەر بووە بۆ باشووری كوردستان؟ ئایا جێگیربوون لە كەمپ توانیویەتی ئەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان گەرەنتی بكا؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیكە پێویستە ڕاوەستەیان لەسەر بكرێ و وڵامی كاتە دایە كە كورد لە بەشەكانی دیكەی كوردستان دەتوانێ ڕۆڵی یارمەتیدەری هەبێ بەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان. پڕ دیارە تا دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان سروشتی دژەكوردو توتالیتاریستیان هەبێ ئەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان بەردەوام لە مەترسیدا دەبێ و ناتوانێ گەشەیەكی ئەوتۆ بستێنێ، بەڵام بە چارسەرە بوونی پرسی كورد لە هەركام لە پارچەكانی كوردستان و دێموكراتیزە بوونی وڵاتانی داگیركەر، ئەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان دەتوانێ گەرەنتی بێ.

**٢ـ لە ئاستی نێوخۆییدا**

نشینین كە بزووتنەوەی كوردی لە پارچەكانی دیكەی كوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی تووشی قەیرانێكی مەترسیدار كردوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا ئەم پارتە سیاسییانە بەتایبەت پارتەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ـ كە تووشی وەها قەیرانێكی كوشەندە بوون و لە ڕووی سیاسی، ئابووری و پروپاگەندەوە لەوپەڕی بێهێزیدان، دەتوانن چ یارمەتییەك بە باشووری كوردستان بكەن و چلۆن ئەم دەسكەوتە بپارێزن؟

ئەنجام:

پێویستە عەقڵیەتی سیاسیی كوردو پارتە سیاسییەكانی كورد



گونجاویان پێبدرێتەوە.

جێگیربوونی پارتە سیاسییەكانی كورد لە باشووری كوردستان لە دوو ئاستدا ڕەنگدانەوەی نیگەتیڤی هەیە لەسەر پرسی كورد. **١ـ لە ئاستی پاراستنی دەسكەوتەكانی باشووری كوردستاندا:** پڕ دیارە كە تا پرسی كورد لە پارچەكانی دیكەی كوردستان، نەیەتە چارەسەركردن ئەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان گەرەنتی نابێ. بەپێی سروشتی فاشیستیانەو دژەكورد بوونی دەوڵەتانی داگیركەر، ناچالاك بوونی پارتە سیاسییەكان و بە ئارشیڤ سپاردنی پرسی كورد لە هەركام لە بەشەكانی كوردستان، ئەو دەرفەتە بۆ داگیركەر دەخولقێنێ كە بێ هیچ كێشەیەكی نێوخۆیی و بە دەست ئاوالاییەكی زیاترەوە، دەست لە كاروباری باشووری كوردستان وەربداو ببێتە هەڕەشەیەكی جیددی بۆ سەر ئەم دەسكەوتە. بەڵام لە ئاكامی ئەكتیڤ بوونی پارتە سیاسییەكان دا، داگیركەران دەبێ سەرقاڵی كێشە نێوخۆییەكانیان بن و لەو **بزووتنەوە لە باكوور، باشووری بچووك و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی كوردستان:** جێگیربوونی پارتە سیاسییەكانی كورد لە كەمپەكانی باشووری كوردستان لە ئاستی نێوخۆیی بزووتنەوە لە بەشەكانی دیكەی كوردستانیشدا، كاریگەریی نەرێنیی هەبووەو پرسی كوردو بزووتنەوەی لە بەشەكانی دیكەی كوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە ئارشیڤ سپاردوە. هاتنەخوارەوە لە شاخ و جێگیربوون لە كەمپەكان، ئەم پارتە سیاسییانەی تووشی كۆمەڵێك قەیرانی قووڵ كردوە. ئەو لێكدابڕان، پەرتەوازەیی و لاوازییەی بزووتنەوە لە دەرئەنجامە بەرچاوەكانی ئەم كەمپ نشینییەیە. جێگیربوون لە كەمپەكان، ئەم پارتانەی تووشی پاسیڤ بوون كردوەو سروشتێكی كۆنسێرڤاتی پێبەخشیون. باوەڕ نەمان بە نۆرم و بەها شۆڕشگێڕی و گۆڕانخوازەكان و دابڕان لە ڕاستییەكانی نێوخۆی كوردستان، بێپڕۆژەیی و سیاسەتی چاوەڕوانی و شەپۆلسواری، ئەو دەرئەنجامە نیگەتیڤانەی كەمپ لە باشووری كوردستان واز لەو سیاسەتە بێنن كە دەخوازێ پرسی كورد لە بەشەكانی دیكەی كوردستان فیدای باشووری كوردستان بكرێ. ئەم سیاسەتە نیشانی داوە كە بە ناچالاك بوونی بزووتنەوە لە بەشەكانی دیكەی كوردستان، ئەم دەسكەوتەی باشووری كوردستان گەرەنتیی نابێ و تەنانەت بزووتنەوە لە پارچەكانی دیكەی كوردستانیش تووشی بێهیوایی و قەیرانێكی كوشەندە دەكا.

ستراتیژیستەكان و سیاسەت داڕێژەرانی كورد لە باشووری كوردستان، بەردەوام لە لایەنی بێهێزییەوە (موضع ضعف) لەگەڵ دەوڵەتانی داگیركەر، دانوستانیان كردووە و نەیانتوانیوە، لەكاتی پێویستدایە حیزبە سیاسییەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان، وەكوو كارتێكی فشار كەڵك وەرگرن.

پێویستە عەقڵیەتی سیاسیی كورد، بیر لە سیاسەتێك بكاتەوە، كە لە ڕووی ستراتیژیكیەوە هارمۆنییەك لە نێو هەموو بزووتنەوەی كورددا پێك بێنێ.

## پەڕیڤ

ئامادەكردنی: سامان فەقێ نەبی

### بە بەسیجكردنی دیاردەی سەربازیی لە نێو مێرمنداڵی کورددا

لە ژمارەی ١٥٢ ڕۆژنامەی "چاودێر "دا "شەهێن سنەیی" تیشك دەخاتە سەر دیاردەی بە بەسیجكردن لە نێو مێرمنداڵانی كوردو دەنووسێت: " بەپێی ئامارە ڕێژەییەكانی ئێران، ١٥ ملیۆن قوتابی لە قوتابخانەكانی ئێراندا دەخوێنن. لە لایەكی دیكەوە ئەگەر وا مەزەندە بكەین كە ڕێژەی كوردەكانی ئێران یەك لە سەر دەی دانیشتوانی ئێران بن، ئەوا یەك ملیۆن و پێنسەدهەزار قوتابی كوردمان دەبێت، لە لایەكی دیكەوە ئەگەر بەپێی خودی مەزەندەكانی بەسیج بێت، ئەوا دەبێ لە هەر پێنج كەس یەكێك بەسیجی بێت. بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە كە تەنیا لە كوردستانی ئێران ٣٠٠هەزار بەسیجی قوتابیمان هەیە كە كوردن." نووسەر لە مەڕ شێوازی بە بەسیجكردنی مێرمنداڵاندا دەڵێت كە "حكومەتی ئێران لە ڕێگای مزگەوت و قوتابخانەوە مێرمنداڵان لە بەسیجدا ڕێك دەخات بۆ ئەوەی یەكەم، كەڵك لە حاڵەتی ڕۆمانتیكی مێرمنداڵ وەربگرێت و لە بواری دەروونییەوە ئەوان بەپێی خواستی خۆی پەروەردە بكات و لە دواییدا كەسانێكی دەمارگرژو پابەند بە بیرو باوەڕی حكومەتی ناوەندی پەروەردە بكات..." پاشان باس لە جیاوازیی نێوان بە بەسیج كردنی مێرمنداڵی كورد لەگەڵ فارس دا دەكاو دەنووسێت:" بە بەسیج كردنی مێرمنداڵی كورد تەنیا ئەوە نیە كە وەك بەسیجیەكی ئاسایی یا بەسیجیەكی فارس بێت، بەڵكوو هەوڵدانێكە بۆ نامۆ كردن لە خودی كورد، هەوڵ دانێكە بۆ دەستەمۆ كردن و بۆ پاراستنی ئەو، هەوڵدانە بۆ خۆ قوربانی كردن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی ئەویتردا." لە كۆتایشدا ئاماژە بەو خاڵە گرینگە دەكات كە "ئایا مێرمنداڵی كورد ئەوەندە وشیاری نەتەوەیی پەیدا كردوە كە نەبێتە سەربازو هەمیش نەبێتە ئامرازێك بۆ بەردەوام بوونی كۆلۆنالی بوونی كوردستان؟ هەر كەسێك وڵامی ئەو پرسیارە لەلای خۆیەتی."

#### چەك دانان و ڕێفراندۆمی كەركووك

"كاوە ئەمین" لە ژمارەی ٣١٥ ڕۆژنامەی "میدیا"دا لە پێوەندی لەگەڵ كێشەی توركیاو pkk باس لە بۆچوونی هێندێك توێژەرو سیاسەتمەداری كورد دەكاو دەنووسێ:" سەیرە كە ئێستا هێندێك كورد خۆیان داوای ئەوە دەكەن، ئەو چەكەی كە گۆمی كەمالیزمی شڵەقاند، بەبێ مەرج فڕێ بدرێت، سوپایەكی دووسەدهەزار كەسی لە سەر سنوور مۆڵدراوەو جگە لە تەسلیم بوون هیچ شتێكی دیكەی قبووڵ نیە. ئێستا بانگەشەی ئەوە دەكرێت كە سەردەمی چێگڤارایی بە سەر چووەو مافی نەتەوەكان بە پڕكردنەوەی فۆرمێك دەستەبەر دەكرێت!" هەروەها لە بەشێكی تری وتارەكەیدا ئاماژە بەوە دەكا كە "ئەگەر پێشمەرگە چەكی لە شاندا نەبوایە، ئەوا ئێستا سوپای عێراق لە شارەكانی سلێمانی و دهۆك و هەولێر، تەراتێنیان دەكرد، ئیتر داوای چەكدانان لە pkk بەبێ شەرت و مەرج دەبێت چ لۆژیكێكی لە پشتەوە بێت، ئەویش لە بەرامبەر كێدا، توركیایەك كە نەك كوردی باكوور، بەڵكوو جارەیەكی كوردیشیان قبووڵ نیە كە كورد خۆی لێی بدات. ئیرلەندییەكان تا پرۆسەی ئاشتی بە تەواوەتی كۆتایی نەهات، نەك چەكیان دانەنا، بەڵكوو هەمیشە هەڕەشەیان لە بریتانیا دەكرد. باسكەكان لە وڵاتی باسكدا تا ئێستاش چەكیان فڕێ نەداوە لەگەڵ ئەوەیكە دەوڵەتی خۆیان هەیە. پڵنگەكانی تامیل كە بە ناوبژیوانی وڵاتێكی وەكوو نەرویج چەندین ساڵە لە گفتوگۆ دان لەگەڵ سریلانكادا، بۆ ساتێكیش ڕازی نەبوون باسی چەكدانانیان لەگەڵ بكەن..." نووسەر لە درێژەی وتارەكەیدا دەڵێت كە "ئاخر كوا میللەتی چەوساوە حەزی لە باڵای چەكە، ئەگەر داگیركەر دەست لە یەخەی بكاتەوە، بەڵام عەبدوڵڵا پەشێو وتەنی: ئاخ كۆترەكەی ئاشتی لە ئاسمانی وڵاتەكەی بێ ئاڵا دا بە شریخەی تفەنگ نەبێت، قەت لە شەقەی باڵی نادا." كاوە ئەمین هەروەها پێداگری لە سەر ئەوە دەكات كە :" توركیا ئێستا كە دەزانێت جاری كەركووك ناگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی كوردستان و یەكێك لە ئامانجە هەرە گرینگەكانی هەڕەشە سەربازییەكەی بۆ ئەوە بوو، هەروەها توانی ئەمریكا ناچار بكات مل بۆ هێندێك هاوكاری لە دژی pkk بدات و یەكیەتیی نێوان حیزبە كوردییەكان تێكبدات و مقەرەكانی پارتی چارەسەرییان پێداخستن بە بیانووی ئەوەی كە گوایا مۆڵەتیان نیە. سەیرە باوكی فایەق گوڵپی سەرۆكی پارتی چارەسەری چل ساڵ لەمەوبەر بە خەنجەرێكەوە هەڵیكوتایە سەر دەبابەیەكی دوژمن و شەهید بوو، كەچی ئێستا كوڕەكەی بۆی نیە، لەو وڵاتەدا كاری سیاسی بكات. "

#### ماددەی ١٤٠ بای بای

"ئەحلام مەنسوور" لە دەمە تەقەیەكدا كە لە ژمارەی ٣٧٣ ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"دا بڵاوی كردۆتەوە ئاماژە بە وەدوا كەوتنی ماددەی ١٤٠ دەكا، كە لێرەدا بەشێك لەم دەمەتەقەیە دووپات دەكەینەوە:

قەلعە نن دیبندە بیرداش ئۆلایدم
گیەلانە، گیدانە، یۆلداش ئۆلایدم(١)
باجی خەجێ، هەلسە لەجێ، سەمای (قۆل سالمە)مان (٢) بۆ بكە.

ـ چییە، چی بووە؟ كێ خەتەنە كراوە؟ كێ ژنیهێناوە؟ كێ لە قوتابخانە دەرچووە؟ كام نووسەری كورد خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە؟ تۆ بڵێی هەر چوار پارچەی كوردستان بوون بەیەك؟و نیشتمانێكی سەربەخۆو دەوڵەت؟!

ـ لە بێخەبەران كەشكەك سڵاوات

ـ چەبیە، چەس؟!

ــ هیچ ماددەی ١٤٠ ئێوە خۆش بای بای، گویلە گویلە، مع السلامە، ماڵئاوا،.... بە كوردی، بە توركی.... كەركووك فت!!! كردیانە خەونێكی پووچەڵ

ـ ئەی چی بكەین دیسان ماددەی ١٤٠ شرینقەی بەنج بوو؟

ـ ڕووی نەوت ڕەش بێت.

ـ ملیار جار، حەقتان نەبێ بەسەر سیاسەتەوە با هەر گۆرانی توركمانیتان بۆ بچڕم...

(١)خۆزگە لە بنی قەڵادا بەردێك بوومایە بە هاوڕێی هەموو ڕێبواران

(٢) سەمایەكی فۆلكلۆری توركمانییە


# ئافرەت و پێناسەی مافەکانی

ڕەسووڵ سوڵتانی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی، کۆمەڵگایەکی پیاوسالار بووەو تێیدا ژن وەکوو رەگەزی پلە دوو چاوی لێکراوەو بە کەم وەرگیراوە. کۆمەڵناسان و توێژەرەوانی ئەم بوارە، هۆکارەکانی بەکەم گرتن و پەراوێزخستنی ئافرەت دەگێڕنەوە بۆ شێوەی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی کە لەو کاتدا ژیان لە سەر بنەمای راوکردنی ئاژەڵ و تاڵان راوەستابوو. ئەوان پێیان وایە کە لەبەر ئەوەی ئافرەت بەشداری لەم چەشنە چالاکییانەدا یا نەبووە یا بە کەمی بەشداریی تێدا کردون و زیاتر لە ماڵەوە ماونەتەوەو ئاگایان لە ماڵ بووەومنداڵیان بەخێوکردوون، پیاو دەوری سەرەکیی هەبووە لە پەیداکردنی بژیوو دابینکردنی ژیانی خێزان. هەر بۆیەش ئەو مافەی پێڕەوا بینراوە کە خاوەنی ماف و دەسەڵاتێکی زیاتر بێ. لە لایەکی دیکەوە هێندێك لە توێژەرانی ئەم بوارە لاواز بوون و ناسك بوونی جەستەی ژن بە هۆکاری بەشداری نەکردنیان لە چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵ وەکوو شەڕکردن و راوی ئاژەڵ و سوارچاکی دەزانن و پێیان وایە لە کاتی شەڕکردندا ژنان بە هۆی دەستەوەستانی و لاوازی توانای بەرگری کردن لە خۆیان نەبووەو هەر بۆیەش خێرا بە دیل گیراون و ئەوەش خۆی گورزێکی کاریگەر بووە بۆ سەر بنەماڵەکەی. ئەم هۆکارەش وردە وردە فکرو بۆچوونی بەکەم گرتنی ژنان لە کۆمەڵگەکاندا دەخزێنێتە نێو مێشکی پیاوانەوە.

لەو نێوەدا کەسانێکی وەکوو جان ئیستوارت میل، ئەو فەیلەسووفە ئازادیخوازەی کە بە وردی لەسەر مەسەلەی ژنان دواوەو کتێبێکی بە نرخیشی بە ناوی "کۆیلە کردنی ژنان" لە ساڵی ١٨٦٩دا نووسیوە، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لاوازبوونی جەستەی ژن شتێکی سروشتی نیە بەڵکوو بە پێی جیهانبینیی و روانگەی زاڵی نێرسالاری بە سەر کۆمەڵگەدا، ئافرەت هەر لە سەرەتای ژیانەوە بێبەش کراوە لەو چالاکییانەی کە رەگەزی نێرینە بەشداری تێدا کردون و ئەوەش کە ئێستاش تەنانەت کەرەسەکانی یاریی منداڵان لە فرۆشگاکاندا بە پێی رەگەز لێك جوێ کراونەتەوە، خۆی بە چەشنێك کانالیزەکردنی ژیانی رەگەزی نێرو مێیە هەر لە سەرەتای ژیانەوە. بۆ وێنە کاتێك کە لە فرۆشگایەك دەتەوێ کەرەسەی یاریکردن بۆ منداڵەکەت بکڕی، ئەگەر منداڵەکە کوڕ بێ ئەوا تۆپێکی فوتباڵ، قەتارێك، تفەنگێك یا شێرێکی بۆ دەکری. بەڵام ئەگەر کچ بێ بووکەڵەیەکی قژ زەردی چاوشین یا کەروێشکێك یا شتێکی تەواو هەڵگری تایبەتمەندییەکانی رەگەزی مێینە. ئەوجار هەر لە سەرەتاوە رێگەش بە کچ نادرێ کە بەشداری بکا لەو چالاکییانەی کە کوڕ تێیدا بەشدار دەبێ. بۆ وێنە کوڕ بۆی هەیە سویچی ماشێنەکە لە باوکی وەربگرێ و بچێ لەوێدا دانیشێ و دواتر داوا لە باوکی بکا فێری ماشێن لێخوڕینی بکا. بەڵام کچ زۆر بە دەگمەن وەها دەرفەتێکی بۆ رەخساوە. لە کۆمەڵگا کۆنەکان دا، کچ بۆی نەبوو وەکوو کوڕ بچێتە خوێندن و لە مەشقی ئەسپ سواریدا بەشداری بکا. هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن بەشێکن لەو کۆسپە سەرەکی و بنەڕەتییانەی کە لە جیهانبینیی و روانگەی باوکسالاریی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن و دەبنە هۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری توانا دەروونیی و جەستەییەکانی ئافرەت گەشە نەکاو بمرێ. ئێمە بەر لەوەی تاقیمان کردبێتەوە هەر بە پێی زانیارییە کولتوورییەکانمان بڕیار لە سەر تواناکانی ئافرەت دەدەین و تەنانەت لە تاقیکردنەوەش بێبەشیان دەکەین. خۆی ئەگەر مرۆڤ لێی گەڕێی بە ئازادی لە بوارە جیاجیاکاندا وزەو حەزو توانای خۆی تاقی بکاتەوە ئەوکات خۆی بەو ئاکامە دەگا کە ئەو کارانەی کە لە توانای دانین یا حەزی لێی نیە لەسەریان بەردەوام بێ، وەلایان دەنێ. بەڵام ئێمە بە پێی داوەری کردنەکانمان هەر لە سەرەتاوە پێمان وایە بۆ وێنە کچ ناتوانێ ئاسنگەر، دارتاش، میکانیك و... بێ. لە حاڵێك دا تاکوو ئێستاش پێم وا نیە کەسێك کچەکەی خۆی وەك قوتابییەك ناردبێتە لای مامۆستایەکی ئەم بوارانە. بیانووەکەش ئەوەیە پێی ناکرێ. بەبێ ئەوەی لە منداڵی کچ پرسیاری توانین و نەتوانین کرابێ. هەڵبەت ئەگەر رەگەزی مێینە وەها پرسیارێکی لێبکرێ زۆربەی هەرەزۆریان لەبری ئەوەی بڵێن ناتوانین وەها کارێك بکەین و تاقەتی ئەوەمان نیە، لە وەڵامدا دەڵێن ئەوە کاری ژنان نیەو کاری پیاوانە. ئەم وەڵامە بەو ئاکامەمان دەگەیەنێ کە ئەو لە ژیانێکی کانالیزەدا وا کە جیا لەو کارو ئیشگەلەی پیاو لە سەرەتای ژیانەوە بۆی دیاری کردوە، نەك هەوڵی هیچ شتێکی وا نەدا بەڵکوو حەزیشی نەچێتە سەر کارێکی وا کە مۆرکی پیاوانەیان لەسەرە.

شتێکی دیکەی کە لێرەدا کە مەبەستمە باسی بکەم بە سووک زانینی ژنانە لە گوتارو هەڵسوکەوت و تێڕوانینی پیاوانی ئێمەدا دەستەواژەکانی: "ژنانیلە"، "لە ژن کەمتر"، "حیسێبی ژنێکی بۆ ناکەم" و دەرپێی ژنانم لەپێدا بێ ئەگەر وا بکەم و... هەموو لەو باگگراوەندە فیکرییە نێرسالارانەیەوە سەرچاوە دەگرن کە ژنبوون و ئاکاری ژنانە بە شتێکی سووك و شوورەیی دەزانن. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ژن وەکوو بوونەوەرێکی سووك، مافی ئەوەی بە پیاو بەخشیوە کە لە ئاستی کۆیلەیەك دا لێی بڕوانێ. بەڵام دیسانیش جان ئیستوارت میل پێی وایە کۆیلەدارانی کۆن قەت هێندەی ئەو پیاوانەی ژنەکانیان کۆیلە دەکەن، کۆیلەکانیان نەچەوساندۆتەوە، چونکە کۆیلەدار تەنیا چالاکی و کاری جەستەیی لە کۆیلەکەی داوا کردوەو قەت چاوەڕوانیی خۆشەویستی و مێهرو دلۆڤانیی لە کۆیلە نەبووە. بەڵام پیاو وێڕای کۆیلە کردنی ئافرەت ئەو داوایەی لێی هەیە کە پێشی وەفادار بێ و خۆشیشی بوێ.



ئەگەر سەرنجی هێندێ دەستەواژەی سەر زارو زمانانی ژنان بدەین و لێیان وردبینەوە ئەوەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. گەلێ جاران لە ئافرەتی کۆمەڵگای خۆمان بیستوە کە دەڵێن: "جا ئەو پیاوەو هیچی لێ عەیب نیەو... ئەوە پیاوەو لە دەستی دێ".

ئەوانە بەو دەرەنجامەمان دەگەیەنن کە زاڵبوونی بیروهزری نێرسالاری بە درێژایی مێژوو، وا لە ناخی ژنان دا پنجی داکوتاوە کە ئیتر پێویست بە زۆرداری و هەڕەشە نیە بۆ ئەوەی ژن پێ لەبەرەی خۆی پتر رانەکێشێ و داوای ئەو شتانە بکا کە پیاو پاوانی کردوون. ئێستا ئافرەتی کۆمەڵگای ئێمە لە ناخەوە بڕوای بە سووك بوون و دیلێتی و بێدەسەڵاتیی خۆی هێناوە. ئەگەرچی نزیك بە نیو سەدەیە بزووتنەوەگەلێك لە رۆژئاوا بۆ داکۆکی لە مافی ژنان سەریان هەڵداوەو لەوێ گەلێك یاسای مرۆڤانە بۆ دابین بوونی مافەکانیان چەسپاون، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بە تایبەتی لە کوردستان دا دۆخی ژن هێشتا دۆخێکی سەردەمی بەربەرییەتەو لە هەر گۆشەنیگایەکەوە لێی دەڕوانی وەکوو مرۆڤ لێی ناڕوانن. ئافرەتی کۆمەڵگای ئێمە رێگایەکی دوورو درێژو پشووبڕی لەبەردەمە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە لە رۆشنبیری کە بەبێ هیچ لە رووداماں و روو بینییەك داوای مافە ئینسانییەکانی بکات.

ئەمن پێم وایە ژن نابێ باسی مافی ژن بکا چونکە لەوەها حاڵەتێکدا دابڕانێکی قووڵ و بێجێ دروست دەکا لە گوتاری مافخوازانەی خۆیدا. بەڵکوو ئەگەر ژن داوای مافی ئینسانیی خۆی بکا ئەو کاتە دەتوانێ داوای تەواوی ئەو ماف و ئیمکاناتانە بکا کە پیاو وەکوو مرۆڤێك دەستی پێیان رادەگا، بەڵام تەنیاو تەنیا بەهێندێ پاساوی پیاوسالارانە ئەویان لێبێبەری کردوە.

بەڵام لە راستیدا پشتیوانیی کردن لە بزووتنەوەکانی مافخوازی و یەکسانیخوازیی ئافرەتان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان واتە رۆژهەڵات و باکوورو رۆژئاوا بە هۆی نەبوونی ئازادی و هەبوونی حکوومەتگەلێکی دیکتاتۆرو دژە ئازادی مەحاڵە. کەوابوو، سەرهەڵدانی ئەمجۆرە بزووتنەوانەو دامەزرانی رێکخراوو ناوەندگەلی تایبەت بە ژنان وەك رێکخراوگەلێکی مەدەنی پێویستییان بە کەشوهەوای ئازادو دیموکراتیك هەیە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە تەنیا بە دامەزرانی رێکخراوو ناوەندگەلی لەم چەشنە، ئەم ویست و داخوازییانە وەدی نایەن، بەڵکوو پێویستە لە بنەڕەتەوە سەرچاوەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان کە بارگاوین بە روانینی نێرسالارانە لەسەر بنەمایەکی نوێ دارێژرێنەوە کە تێیدا ئەم جیاوازییە بەو زەقییەی ئێستا هەیە هەست پێنەکرێ. لە چیرۆکەکانی نێو کتێبی قوتابخانەدا هەمیشە قارەمانی چیرۆك کوڕە. کوڕێکی پاڵەوانی چاونەترس کە هەژدیها دەکوژێ وشێر کەوڵ دەکاو لە بەحرو بەڕ دەپەڕێتەوە......

کچیش لە سیلەی کولانەوە دەفەرە ئاوێك بە دوای سوارچاکەکەی دا (سووکەڵە سوارەکەی دا) دەڕژێنێ بەڵکوو لە سەفەری هات و نەهاتی بگەڕێتەوە، و هەتا گەڕانەوەشی کچ دەستەوەستان لە ماڵێ چاوەڕێیەو دوعای بە خێری بۆ دەکا. کە دوعا کردن و پارانەوە گەورەترین هێمای بێ دەسەڵاتیی مرۆڤن.

کەوابوو پێویستە سیستەمەکانی پەروەردە بە روانینێکی مرۆییانە نەك رەگەزییانە سەر لە نوێ دارێژرێنەوەو مرۆڤی ئێستامان لە ناخەوە قایل بکەین بەوەیکە رێز لە مافە ئینسانیەکانی یەکتر بگرن و ئافرەتیشمان فێری ئەوە بێ کە ئەو بەر لەوەی ئافرەت بێ مرۆڤە و مرۆڤیش خۆی دەبێ بۆ ئازادییەکانی هەوڵ بدات و پێناسە و دەستەبەریان بکات.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## زۆربلێیی Gossip

یەکێك لەو مێتۆدانەیە کە ژنان بۆ تاوتوێکردنی ژیانی خۆیان هەیانە. بەم هۆیەوە کە زۆر بلێیی هەموو کات بە چالاکییەکی ژنانە دادەنرێ و بە شتێکی نزمتر لە وتووێژەکانی پیاوان دەژمێردرێ. لە درێژایی مێژوودا، زۆربلێیی ژنان لە باری کۆمەڵایەتییەوە، دژی سیستەم وەستاوەتەوە، هەر بۆیە بۆ نموونە، "ژنانی دەم شڕی دەکەوتنە ژێر راوەدوونان. لە ئنگلستانی سەدەی هەڤدەیەم زۆر وێژی لە بارەی رەفتارە جنسییەکان، توانی رەفتاری ژنان لەو سەردەمەدا کە گۆڕانی ماددی لە رۆڵی ئەوان دا پێکهات، بخاتە ژێر کۆنترۆڵ (1989,Clark). مێژوونووسانی فیمینیست لەو نامانە دەکۆڵنەوە کە "پڕن لە قسەی راست و درۆ"، بۆ ئەوەی لە بارەی دۆستایەتییەکان و کۆڕو کۆبوونەوە نارەسمییەکانی ژنان پتر بزانن. بۆنموونە، مێژووی بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان، گرنگیی ئەو رۆڵەی زۆر بلێیی لە بیرۆکەی خوشکایەتیی جیهانییدا هەیبوو، ئاشکرای کرد(1989,Bosch)

زۆر بلێیی، رێگایەکیشە بۆ پتەوکردنی پێوەندییە ژنانەکان و، دەرەتانی ئەوە بۆ ژنان پێك دێنێ کە رێگای دیکە بۆ کردەوەو پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە بدۆزنەوە. زمانناسانی فیمینیست لە رێگای راڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی زۆرویژی، دەری دەخەن کە زۆر گوتنی ژنان لە بارەی خەڵك و سۆزو خۆشەویستییەوە. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە وتووێژەکانی پیاوان لە بارەی شتومەکەوەیە. زمانناسان دەڵێن زۆرویژی یەکێك لە فۆرمە ئاڵۆزەکانی "هاودڵا نەبوونی



گوتار"ی ژنانەیە ( 1989 , Coates& comeron) "ژنان لە کاتی زۆرویژیدا هەم بیروباوەڕیی خۆیان دەردەبڕن، هەم پاڵپشتێك بۆ بیرەکانی خۆیان دەدۆزنەوە کە ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو کارانەی دەیانەوێ ئەنجامی بدەن." ( .P 1982, 58, Kalplan). شیلا روبوتام، زۆروێژی، مێشکی سەری خەڵکی بردن و قسەی پیرێژنانە وەك سێ تایبەتمەندیی زۆر بلێیی ژنان، ناودەبا، ناوبراو دەڵێ زۆر بلێیی - جۆرێك پێوەندیی نێوان ئەزموون و رەفتار - زۆر شێوازی گرنگ بۆ تێگەیشتن و پیاهەڵدانی جیهان دەخاتە بەردەم ژنان ( 1983 و Row botham).

بیردۆزەی بە پیشەکردنی لێکۆڵینەوەی دەروونییان ناو ناوە زۆرویژی، چونکە ئەم بیردۆزەیە میکانیزمێکە بۆ ئاشت کردنەوە تاك لەگەڵ بەشە دابڕاوەکانی خۆی زۆرویژی لایەنە نامۆکەرەکانی ژیانی ژنان دەگەیەنێتە لانیکەم ( 1994 , Orbach).

پاتریشا میەیر سپاکس چەندین دەستە لە جۆرەکانی زۆر وێژیی خستە ژێرلێکۆڵینەوەو، لە کتێبەکەی خۆیدا، زۆرویژیی بە "پاشکۆ" ناوبرد ( 1986 , Spacks).

سەرێکی ئەم پاشکۆیە "قین هەڵگرتن"و سەرەکەی دیکەی "زۆرویژیی جیددی"یە کە لە رووی خۆشەویستی و بەدوور لە رق و کینەیە. ژنان لە کاتی زۆر وتنی جیددیدا، لە جیاتی ئەوەی لە بارەی خۆیانەوە بیر بکەنەوە، گومان و سەرسامیی خۆیان دەربڕن و دڵنیایی بە دەست بێنن و زانیاریی خۆیان لە بارەی ئەوانی دیکە بەرەو ژوور ببەن، غەیبەتی کەسانی دیکە دەکەن." ( p.5 , 1986 و Spacks).

سەرچاوە: فرهنگ نظریەهای فمینیستی ( قامووسی بیردۆزە فیمینیستییەکان)، نووسینی: مەگی هام و سارا گەمبل

وەرگێرانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشینی احمدی خراسانی لاپەڕەکانی ١٩١ و ١٩٢

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 475 6 Des 2007

ال ̌پەڕەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## دووهەمین فستیڤاڵی بەیتو حەیران لە شاری سەردەشت بەڕێوە چوو




حەمەڕەسووڵ کەریمی

ڕۆژی پێنج شەممە ٨ی سەرماوەز شاری سەردەشت بوو بە میواندار و خانەخوێی دەیان کەڵە حەیران بێژ و هونەرمەندی ناسراوی کورد کە بۆ بەشداری لە دووهەمین فستیڤاڵی بەیت و حەیران لەو شارە ئامادە کرابوون.

فستیڤاڵەکە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا پێک هات بوو، هەر بۆیە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شارەزا بە سەر مەقام و بەیت و لاوک و حەیران دا بۆ ئەم کۆڕیادە بانگهێشتن کرا بوون و بەشدار بوون. کۆڕیادی بەیت و حەیران دوو ڕۆژ درێژەی کێشا و لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژە دا دەیان کەس لە هونەرمەندانی بەشدار لەو کۆڕیادە دا بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان پێشکەش بە بەشداربووان و دانیشتووانی شاری سەردەشت و دەوروبەری کرد.

لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا و لە ماوەی کاری ئەسڵی کوڕیادەکەدا زیاتر لە ٧٠ کەس لە هونەرمەندانی کورد بەرهەمەکانی خۆیان بۆ هەئیەتی بەڕێوەبەری بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت نارد بوو، لە نێو ئەوان دا نێزیک بە ٤٠ کەس ڕاستەوخۆ لە شارەکانی سەردەشت، کرماشان، مەریوان، سنە، ورمێ، شنۆ، مەهاباد، بۆکان، سەقز، پیرانشار، میاندواو، بانە، میراوێ، شاییندژ، خۆی و باشووری خوراسان، بەرهەمەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

شایانی باسە دوابەدوای دەست پێکردنی کارەکانی فستیواڵ ماموستا قالە مەڕە شمشاڵ ژەنی ناسراوی کوردستان چەند پارچە مۆسیقییەکی پێشکێش بە بەشداران کرد کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئامادە بووان بەرەوروو بوو.

ئەحمەد مەندە - مام خدر قادری ناسراو بە خلە دەرزی - مەحموود فەرخەپوور - فەرهاد نادری - مام قادر ئیبراهیمی - هیدایەت مەهدی - مام حەسەن شاهینی - محەممەد فەتتاحی - ساڵح ئەحمەدپەنا - مستەفا حوسێن‌نژاد - ئەحمەد پوورمەعروف - ئەبووبەکری ئازەری - یەحیا حوسێنی - عوسمان سادقی - عەبباس تورجانی - کۆڕی مۆسیقای نالی لە شنۆ - عەبدوولا مامزادە - قادر ماڵەدۆمی - مام حامید کۆسە - حوسێن وەلی‌زادە لە باشووری خوراسان - سەید عەلی رەحیم‌پوور - گەڕەلاوژەی هونەرمەندانی هەڵبژاردە لە لایەن بەڕیوەبەرانی کۆڕیادی بەیت وحەیران.

لە بەشی کۆتایی دا دەستەی بەڕێوەبەری و چاوەدێرانی ئەم فستیڤاڵە دوای هەڵسانگاندنی هەموو بەرهەمەکان پلەی یەکەم تا سێهەمیان لە بەشەکانی مەقام، حەیران، لاوک و هەروەها بەیت و حەیران دەست نیشان کرد و ناوەکانیان بە شێوەی خوارەوە ڕاگەیاندن.

لە بەشی مەقام: حوسێن وەلی‌نژاد - یەحیا حوسێنی - فەرهاد نادری.

لە بەشی حەیراندا: محەممەد ئەمین یوسفی‌ئازەر - ئەبووبەکر ئازەری - حەسەن زیافەتی.

لە بەشی لاوکدا: ساڵح پیرۆتی - حەسۆ هەرکی - عوسمان سادقی.

لە بەشی بەیت و حەیران: رەحمەت رۆستەم‌پوور - ئەحمە پوور مەعروف - سیامەند ئەمینە.

## یادی یەکەمین ساڵەی کۆچی دوایی شاعیرو مێژوونووس محەممەد رەسووڵ هاوار کرایەوە

**لە یەکەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی شاعیرو مێژوونووس‌و لێکۆڵەر، مامۆستا محەممەد رەسووڵ هاوار دا، لە هۆڵی رۆشنبیریی شاری سلێمانی ئێوارە کۆڕێك بەرێوەچوو.**

**دوانێوەڕۆی هەینی ٣٠ی نوامبری ٢٠٠٧ ( ٩ی سەرماوەزی ١٣٨٦) بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و رووناکبیریی کورد، یادی رەسووڵ هاوار کرایەوە. لە سەرەتای کۆڕەکەدا، کەژاڵ ئەحمەد بەخێرهاتنی بەشدارانی کردو کۆڕەکەی بە راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدان‌و شاعیری کۆچکردوو محەممەد رەسووڵ هاوار کردەوە. پاشان مستەفا ساڵح کەریم، وتاری لێژنەی سەرپەرستیی یەکەم ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا هاواری خوێندەوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا پۆلێك لە قوتابیانی قوتابخانەی**



**سەرەتایی مەولەوی یەکێك لە شێعرە بەناوبانگەکانی مامۆستا محەممەد رەسووڵ هاواریان وەك سروود پێشکێش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی رێوڕەسمی ناوبراودا گەشتێك بەنێو ژیانی محەممەد رەسووڵ هاوار دا کراو ئاوڕ لە ژیانی پڕ لە خزمەت‌و تێکۆشانی درایەوە.**

**لە بەشێکی رێوڕەسمەکەش دا فیلمێك لە بارەی کەسایەتیی مامۆستا محەممەد رەسووڵ هاوار نیشانی بەشداران درا. دواتر شاعیری ناوداری کورد مامۆستا شێرکۆ بێکەس وتەیەکی شێعریی خۆی لە یادی ئاوا بوونی ئەستێرەی تەمەنی "هاوار"ی شاعیرو مێژوونووس دا خوێندەوە. پاشان کۆمەڵێك کەسایەتیی ئاکادیمی‌و فەرهەنگی، باس‌و وتاری تایبەت بەم یادەیان خوێندەوە. پێویستە بگوترێ هەیئەتێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادەو ئەندامێتیی قادر وریاو محەممەد کەسرایی لەم رێوڕەسمەدا بەشدار بوون. لە برووسکەی هاودەردیی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم کۆڕە دا هاتبوو:**

**لە یەکەمین ساڵیادی کۆچی‌دوایی مامۆستای شاعیرو مێژوونووس محەممەد رەسووڵ هاواردا، بە رێزەوە یادی خزمەتە بەنرخەکانی دەکەینەوەو، هاوپێوەندیی دووبارەی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە سەربەرزەکەی‌و هەموو ئۆگرانی دووپات دەکەینەوە.**

## مرواریی دەریای وشە

**هەتا ئەو کاتەی منداڵی بەدبەخت لە دنیا دا هەبن، وشەی پێشکەوتن مانایەکی نییە.**

**(ئالبێرت ئەنیشتاین)**

**باشە چلۆن دەکرێ منداڵان ئەوەندە بەهۆش بن، لە کاتێك دا کە زۆر لە مرۆڤە گەورەکان نەزانن؟**

**ئەلیکساندر دۆمای باوک (نووسەری فەرانسەیی).**

**سێوێك‌و کەروێشکێك بخەنە نێو لانکی منداڵێك. ئەگەر کەروێشکەکەی خواردو یاریی لەگەڵ سێوەکە دا کرد، ماشێنێکی نوێتان بۆ دەکڕم!**

**ژان لاکان (دەروونناسی فەرانسەیی).**

**من حەز دەکەم لە نزیکەوە بە سەر دوو شت دا فەرمانڕەوایی بکەم: کتێب‌و منداڵان. بەڵام لە بەدشانسیی خۆم، زاڵبوون بە سەر ئەم دوو شتەدا نامومکینە.** **ئانا گاوالدا (نووسەری فەرانسەیی)**

## جەمیل ڕۆستەمی فیلمێکی سینەمای بە ناوی "بووکی بێسێبەر" ساز دەکا

**سینەماکاری لاوی کورد "جەمیل رۆستەمی" فیلمێکی سینەمایی بە ناوی "بووکی بێسێبەر" لە هەرێمی کوردستان‌و وڵاتانی ئورووپایی دروست دەکا.**

**هونەرمەند جەمیل رۆستەمی لە دیدارێکی تایبەت دا بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری گوتوە "پاش تەواو بوونی فیلمی "ژانی گەل" لەگەڵ چەند کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلم لە ئورووپا قسەم کردوەو ئەگەر پێك بێنن لە سازکردنی فیلمی "بووکی بێسێبەر" دا لە هاوکارییان کەڵك وەردەگرین."**



**ئەو هەروەها سەبارەت بە شوێنی وێنە گرتنی فیلمی سینەمایی "بووکی بێسێبەر" گوتوویەتی: "کاری وێنە گرتنی ئەم فیلمە لە شارەکانی سلێمانی‌و هەولێر دەست پێدەکاو هەروەها لە وڵاتانی میسر، یۆنان، فەرانسە وێنە دەگیرێت."**

**رۆستەمی سەبارەت بە ئەکتەرەکانی ئەم فیلمە دەڵێ: " لەو سەردانانەی کە بۆ وڵاتی فەرانسە بوومە لەگەڵ چەندین ئەکتەری بە ناوبانگو پیشەیی سینەمای ئەم وڵاتانە قسەم کردوەو ئەگەر بۆ رۆل بینین لە فیلمی "بووکی بێسێبەر" پێك بێین بۆندێکیان لەگەڵ مۆر دەکەین. "جەمیل رۆستەمی" سەبارەت بە نێوەرۆکی فیلمی " بووکی بێسێبەر" بە "پەیامنێری" گوتوە: "ئەم فیلمە چیرۆکی بنەماڵەیەك دەگێڕێتەوە کە دوای ئەنفالی کوردەکان لە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن بەعسەوە، لە نێو چوون. ئەو ئەندامانەی بنەماڵەکەش کە زیندوو ماون یەکتری ون دەکەن‌و پاش ١٥ ساڵ‌و دوای رووخانی رێژیمی سەدام، لە ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتێکی ئورووپایی یەکتری دەبیننەوە."**

## بەر لەماڵاوایی

## دەستخۆشێك بۆ بنکەی ژین بە بۆنەی "سەرتۆپی کارەکانی تا ئێستا"یەوە

قادر وریا

لەم مانگەی دوایی دا "بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردی بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانی کوردی" لە پرۆژەیەکی هاوبەش لە گەڵ دەزگای چاپ‌و بڵاو کردنەوەی "ئاراس"دا، ٨٢ ژمارە لە ژمارەکانی "کوردستان" بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەگەڵ پێنج ژمارەی رۆژنامەی "هاواری نیشتمان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان‌و وێکراو پێکەوە لە تویێ موجەلّلەدێك دا سەر لە نوێ چاپ‌و بڵاو کردەوە.

کارێك کە بنکەی ژین بە هاوکاریی "دەزگای چاپ‌و بڵاو کردنەوی ئاراس" کردوویەتی، وەك لە بانگەوازی ئەو بنکەیە بۆ لە چاپدانەوەی رۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١١ی شوباتی ٢٠٠٤) دا هاتوە: رێزلێنان لە ماندوویی‌و گیانی پاکی بەرپرسان‌و رۆژنامەوانانی ئەو رۆژنامەیەو سەرجەمی شەهیدانی ئەو کۆمارە کوردییەو بۆ فەراهەم کردنی سەرچاوەیی دانسقە (دانستە)و گرانبەها بۆ نوسینەوەی مێژووی ئەو رۆژگارەو، بۆ رزگار کردنی ئەم یادگارە مێژووییە لە فەوتان" و. بنکەی ژین لە پێشەکی‌یەك دا کە بۆ ئەم کارە تازەیەی خۆی نووسیویەتی، ئەم کارەی بە "سەرتۆپی هەموو کارەکانی تا ئێستای خۆیێ" ناوبردوە، چوونکە بە دروستی پەی بە بایەخی ئەم کارە بەنرخە بردوە. وەك لە پێشەکی‌یەکەدا هاتوە: "یەکەمجارە زۆرترین ژمارەی ئەم بەڵگەنامە مێژووییە گرانبەهاو دانسقەو خۆماڵییە ئەخرێتە بەر دەستی خوێنەران‌و لێکۆڵەران، ئەشێ پشت بەستوو بە "کوردستان" خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی حکوومەتی میللی کوردستان‌و ئەو سەردەمی مەهاباد بکرێ. "کوردستان هەر لەوە بەتر (پتر) لە بارەیدایە ببێتە سەرچاوەی دەستی یەکەم بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو جۆرەی زمانەوانی‌و ئەدەبی‌و کۆمەلایەتی‌و..."

لەگەڵ ٨٢ ژمارەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان‌و "هاواری نیشتمان"ی ئەو کات کۆمەلێك نووسین‌و لێکۆلینەوەو بابەت بڵاو کراونەتەوە کە بایەخی "سەرتۆپی کارەکانی تا ئێستای" بنکەی ژینیان ئەوەندەی دیکە بردۆتە سەر.

ئەو هەمووە زانیارییە وردەی لێکۆڵەری هێژاو دڵسۆز کاك سەدیق ساڵح لە بارەی رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو سەردەم بە گشتی‌و بە تایبەتی ئەو ٨٢ ژمارەیە گۆی کردوونەوەو پۆلێنی کردوون، بە راستی جێگای پێزانینن. لەمەودوا هەر کەسێك بیهەوێ لە بارەی نێوەرۆك، بەرپرسان، نووسەران‌و هاوکارانی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمارو زۆر لایەنی دیکەی ئەو رۆژنامەیە، لێکۆڵینەوە بکا، ئەگەر چاوێك بەو کارە بەنرخەی مامۆستا سەدیق ساڵح دابخشێنێ، کاتێکی زۆری بۆ دەگەرێتەوەو، بە کەڵکوەرگرتن لەو زانیاریانە، بە هاسانی دەتوانێ بە مەبەستەکانی خۆی بگا. ئەم بابەتە دەوڵەمەندە کە لە رانانێکی گشتی، ناوەرۆکی کوردستان‌و پێرستی ئەو ٨٢ ژمارەیە پێك هاتوە، لەمەودوا رێنوێن‌و رێنیشاندەری هەموو ئەو کەسانە دەبێ کە بیانەوێ لە "کوردستان"و رۆژنامەنووسانی سەردەمی کۆمارو هاوکارانی ئەو رۆژنامەیە بکۆڵنەوە.

وەك گوتم لەگەل ئەم ٨٢ ژمارەیەی "کوردستان"، ٥ ژمارەی رۆژنامەی هاواری نیشتمان" سەر لە نوێ چاپ‌و بڵاو کراونەوە. هاواری نیشتمان"، ئۆرگانی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان بووەو، سەدیقی ئەنجیری ئازەر، مودیر مەسئولی ئەم رۆژنامەیە بووە. لەگەڵ ئەم ٥ ژمارەیەدا، وتارێکی زۆر جوانی سیاسی‌و ئەدیبی ناسراوی کورد بەرێز سەلاحەدین موهتەدی لە ژێر ناوی "گەوهەرێکی گومبوو! " دا بڵاو بۆتەوە کە بەحەق شایانی گەورەیی کەسایەتیی خەباتگێرو رووناکبیر سەدیق ئەنجیری ئازەرو خەباتی سەختی یاران‌و خۆشەویستانی ئەو مرۆڤە بەناهەق کوژراوەیە.

"سەرتۆپی کارەکانی تا ئێستای بنکەی ژین" بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی‌و گرنگ کۆتایی دێ کە بەیاننامەی راگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیمزای دەیان کەسایەتیی ئەو سەردەمەیە.

بەڵام "بنکەی ژین" بێجگە لەم کارە بەنرخەی ئەم دواییانەی هەر لە مەجالی بووژاندنەوەی کەلەپووری رۆژنامەوانیی کوردی دا، زۆری کاری باشی دیکەی کردوون: چاپ‌و بڵاو کردنەوەی گۆڤار رۆژنامەکانی "نزار"، "دیاری کوردستان"، "بانگی کوردستان"، "رۆژی کوردستان"، "بانگی حەق"، "ئومێدی ئیستقلال"، "ژیانەوە"، "ژیان"،و "رۆژی کورد" لەو هەنگاوانەن. چاپ‌و بڵاوکردنەوەی چەندین کتێبی مێژوویی‌و بەنرخیش دەبێ بخرێتە سەر ئەم کارنامەیە. ئەگەر کارنامەی بنکەی ژین ئاوا خاوێن‌و دەوڵەمەندە، کارنامەی دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم بنکەیە، دوو برای بە خزمەت‌و ماندوویی نەناس مامۆستایان رەفیق‌و سەدیق ساڵح لەمەش درێژترو دەوڵەمەندترە. بە تایبەتی بایەخدانی ئەوان بە کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی رۆژهەلاتی کوردستان‌و شاعیران‌و ئەدیبانی ئەم دیو، شتێك نیە کە مەمانان پێی نەزانین‌و رێزی لێ نەگرین.

بە بۆنەی چاپ‌و بڵاوبوونەوەی دووبارەی "کوردستان"و "هاواری نیشتمان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان دەستخۆش‌و پیرۆزبایی بە بنکەی ژین‌و دەزگای ئاراس‌و هەموو ئەو بەرێزانە دەڵێم کە رۆڵیان لە بەدیهێنانی ئەم ئاواتە لەمێژینەیەی ئۆگرنیان دا هەبووە. بە ئاواتم هەموومان هاوکارو خەمخۆری ئەو جۆرە دەزگاو مرۆڤە دڵسۆزانە بین لە جێبەجێ کردنی سەرکەوتوانەی ئەرکە پیرۆزەکانیان دا.